# نەوژین

ژمارە (٣٩) شوباتی ٢٠٢٠

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات




مامۆستایەکی زانکۆی گەرمیان خەڵاتێکی نێودەوڵەتی بەدەستدێنێت

2««

دو هاوسەر کتێبخانە بۆ قوتابخانەکان دروست دەکەن

3««




باوکێک: هیچ هۆکارێک نیە بۆ رێگرتن لە کارکردنی کچەکەت

5««



بۆچی ژنان کەمتر توشی کۆرۆنا دەبن؟

11««



# شانۆگەری (وەرن ببین بە سەگ) لەنێوان یار و نەیاردا

## دەرهێنەری شانۆگەریەکە: شانۆکەی ئێمە سوکایەتیە یان جنێوی هەندێک مەلا؟

## یەکێتی زانایان: کێشەمان لەگەڵ شانۆگەریەکەیە نەک بەشداریکردنی ژنان لە شانۆدا



■ نەوژین

**پاش ئەو هەڵایەی شانۆگەری (وەرن ببین بە سەگ) لە کەلار دروستی کرد، دەرهێنەری شانۆگەرییەکە داکۆکی لە کارەکەیان دەکات و ئەو تۆمەتانە رەد دەکاتەوە کە سوکایەتیان کردبێت بەتایبەتی بە ئاینی ئیسلام، سەرۆکی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامیش جەخت دەکاتەوە ئەوان کێشەیان لەگەڵ سوکایەتی پێکردنیان هەیە لە شانۆکە نەک بەشداریی ژنان تیای دا.**

شانۆگەری (وەرن ببین بە سەگ)، وەک یەکەم کار و دەستپێکی چالاکیەکانی وەرزی شانۆیی گەرمیان لە بەرواری ٢٢ی ئەم مانگە لە بەردەم هۆڵی هونەر لە کەلار نمایش کرا، رۆژێک دواتر کاردانەوەیەکی زۆری دروست کرد و بە سوکایەتیکردن بە ئاینی ئیسلام و پیرۆزییە ئاینیەکان تۆمەتبار کرا.

ئەم تۆمەتبارکردنە سەریکێشا بۆ هەڵمەت و هێرشێکی فراوان لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان دژ بە کاستی شانۆییەکە، لە ئەرزی واقعیشدا لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، سکاڵایان لەلای داواکاری گشتی گەرمیان تۆمار کرد.

لە دیدارێکدا لەگەڵ (نەوژین)، هەریەکە لە دەرهێنەری شانۆگەریەکە و سەرۆکی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامیی قسە لەبارەی شانۆگەریەکە و کاردانەوەکانی دەکەن.

عومەر عەبدوڵڵا، دەرهێنەری شانۆگەری (وەرن ببین بە سەگ)، داکۆکی لە کارەکەیان دەکات و رەدیشی دەکاتەوە سوکایەتی بە ئاینی ئیسلام کردبێت.

وتی: هەر کەسێک شانۆکەی بینیبێت دەزانێت سوکایەتی بە مەلا نەکراوە.

دەشڵێت: هەندێک مەلا هەیە و قسەمان لەسەر کردوە کە لەشوێنەکان و گرتە ڤیدۆیەکانیان کە هەیە چۆن ئیهانەی ژنان دەکەن و خراپەکاری بەرامبەر بە ژنان دەکەن.

لەبارەی تۆمەتبارکردنیان بە سوکایەتیکردن بە ئاینی ئیسلام، ئاماژە بەوەدەکات کە بەهۆی بانگی عەسرەوە و وەک رێزگرتنێک لە ئاین شانۆگەریەکەیان راگرتوە، دەشپرسێت: «شانۆکەی ئێمە سوکایەتیە یان جنێوی هەندێک مەلا؟».

لەبەرامبەریشدا (م. حەمەئەمین کەلاریی)، سەرۆکی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، رەخنەی توند لە شانۆگەریەکە دەگرێت و دەڵێت: «هەندێک منداڵ لاسایی (قوبادی جەلی زادە)یان کردوەتەوە و جوێن بە مەلایانی ئاینی ئەدەن».

ئەو نیگەرانە لە شانۆگەریەکە لەو رەوەوە کە سوکایەتی بە ئەوان کردوە، لەوەڵامی ئەو قسەیەشی کە دەرهێنەری شانۆگەریەکە دەیڵێت بەوەی مەبەستیان هەندێک مەلایە نەک هەمو مەلاکان، (م. حەمەئەمین کەلاریی) دەڵێت: «خۆزگە لە شانۆکە بیانوتایە چەند مەلایەک یان دو مەلا».

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئەوان دژ بەو شانۆیەن یاخود دژ بە هەر شانۆگەریەک کە ژنان تیایدا بەشدار بن، سەرۆکی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایان، دەڵێت: «ئێمە کێشەمان لەگەڵ ئەوە نیە کە ژنان بەشداربن لە شانۆگەریدا».

لە لاپەرەکانی (٦ و ٧)ی ئەم ژمارەیەدا دەقی ئەو دو دیدارە لەگەڵ دەرهێنەری شانۆگەریەکە و سەرۆکی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان دەخوێننەوە.

# ژنان (٪٥٠)ی ستافی رادیۆکانی گەرمیان پێکدێنن

■ نەوژین

**بەپێی راپۆرتێکی یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ لە رادیۆی دەنگ، رێژەی بەشداریی ژنان لە وێستگە رادیۆییەکانی سنورەکە بەرادەیەکی بەرچاو زیادیی کردوە و (٪٥٠)ی تێپەڕاندوە.**

ئەو راپۆرتە کە بە بۆنەی رۆژی جیهانی رادیۆوە ئامادەکراوە و نوێنەری سێ رادیۆی کۆمەڵگەیی ناوچەی گەرمیان ئامادەی بون، لەسەر دیارترین کێشە و ئاستەنگەکان و هەروەها بەرەوپێشەوەچونەکانی کاری رادیۆی لە سنورەکە وەستاوە.

لە بەشێکی ئەو راپۆرتەدا، ئاماژە بە رۆڵی ژنان لە دەزگا رادیۆییەکانی سنورەکە دراوە، بەشێوەیەک وەک هێمای بۆکراوە، رێژەی بەشداریی ژنان لەو دەزگایانەدا زۆر زیادیکردوە و (٪٥٠)ی تێپەڕاندوە.

پوختەی راپۆرتەکە لە لاپەڕە (١١) دەخوێنیتەوە.



# مامۆستایەکی زانکۆی گەرمیان براوەی خەڵاتێکی جیهانیە




> تائێستا ٢٠ پەیپەر پێشکەشکراوە و من یەکەم ژنم ئەم خەڵاتە ببەمەوە

> ئەم خەڵاتانە زۆر گرنگن، هەستدەکەی کۆمەڵگا ڕێز لە ماندوبونەکانت دەگرێت

**■ نەوژین، هاوژین مەهدی**

**د. پگا عەلی مەردان، کە ماوەی حەوت ساڵە لە بەشی دەرونناسی زانکۆی گەرمیان مامۆستایە، توانی لەسەر ئاستی هەرێم پلەی یەکەمی «پەڕە نایابەکان» بەدەست بهێنێ کە لەلایەن ڕێکخراوی کیساین دابەشکراوە.**

ئەو پەیپەرەی کە (د. پگا عەلی) پێشکەشی کردبو، بەناونیشانی: «Mental health in conflict settings» بو کە پێشتر لە گۆڤاری بەناوبانگی جیهانی «Lancet» بڵاوکراواتەوە.

(نەوژین) لەبارەی خەڵاتەکە و وردەکاریەکانی، دیدارێکی لەگەڵدا سازکردوە.

* سەرەتا با بزانین چۆن بو بەشی دەرونناسیت هەڵبژارد؟

لە تەمەنی پانزە ساڵیەوە حەزم لە دەرونناسی بو، هەر لەو تەمەنە بڕیارمدا دەرونناسی تەواو بکەم، دایک و باوک بون بە پاڵپشتی سەرەکیم، ئەوەبو بەکالۆریۆس و ماستەرم لە زانکۆی قەزوین لە تاران تەواو کرد، دکتۆراشم لە زانکۆ ساینس ئاندریسرێچ لە ئەهواز تەواوکرد کە ئەویش لقێکە لە زانکۆی تاران.

* ماوەی چەند ساڵە مامۆستایت و لەچ زانکۆیەک وانەت وتوەتەوە؟

لە ساڵی (٢٠١٠)وە دەستم کردوە بە کاری مامۆستایی، سەرەتای کارکردنم لە زانکۆی (پەیام نوری سەرپێڵ) و پاشان (پەیام نوری خورەمشار) بو کە ماوەی سێ ساڵ لەوێ مامۆستا بوم، لە (٢٠١٣)شەوە هاتومەتە زانکۆی گەرمیان و مامۆستام.

* ئەو پەیپەرەی کە بەهۆیەوە خەڵاتکرای باس لەچی دەکات؟

ڕێکخراوای تەندروستی جیهانی «WHO» ساڵانە ڕێژەی بڵاوبونەوەی نەخۆشیەکان بڵاودەکاتەوە، یەکێک لەو نەخۆشیانەش نەخۆشی دەرونی بو لەو وڵاتانەی کە شەڕ و پێکدادان تێیاندا زۆرە لە چاو وڵاتانی تردا، لەکۆتای پەیپەرەکە چەند خاڵێکیان دەستنیشان کردبو بۆ چارەسەری نەخۆشیە دەرونیەکان، منیش چەند تێبینیەکم دا لەسەر چارەسەرەکە بەوەی چون ئێمە لە روی ئاستی رۆشنبیرییەوە زۆر لەوڵاتانی تر جیاوازین، بۆیە پێشنیاری چارەسەری ترم کرد و بە پەیپەرێک پێشکەشی ڕێکخراوای «WHO»م کرد و ئەوانیشم وەڵامیان دامەوە کە بە توێژینەوەیەک پێشنیارەکانم بخەمەڕو، ئەو وتوێژە لە نێوان ڕێخکراوی «WHO» کە ڕێخراوێکی ناسراوی جیهانیە و منیش مامۆستایەکم لە زانکۆیەکی بچوک و وڵاتێکی بچوک، زۆر گرنگ بو بەلای کۆمەڵی ئەکادیمیەوە.

* تا ئێستا هیچ ژنێک توانیویەتی ئەم خەڵاتە بەدەستبهێنێت؟

تا ئێستا ٢٠ پەیپەر ئەو خەڵاتەی بردوەتەوە، هیچ ژنێکی تیا نەبوە، زۆر دڵخۆشم کەتوانیومە یەکەم ژن بم ئەم خەڵاتە وەربگرم. من کە ئەو پێشنیارانەم کرد بۆ ئەو توێژینەوە ئامانجم ئەوە بو کە ژنێک ئەو خەڵاتانە بباتەوە نەک لە بەر خۆم و پەیپەرەکە.

* جگە لەم خەڵاتە، خەڵاتی ترت بەدەست هێناوە؟

پێشتر خەڵاتی باشترین توێژەری زانکۆی گەرمیانم وەرگرتوە.

* تاچەند بەخشینی ئەم خەڵاتانە دڵخۆشت دەکات و وادەکات بەردەوام بیت؟

بەڕاستی ئەم خەڵاتانە زۆر گرنگن، چونکە هەستدەکەی کۆمەڵگا ڕێز لە هەوڵ و ماندوبونەکانت دەگرێت و هانت دەدات و پاڵپشتیت دەکات بۆ ئەوەی زیاتر ئیش بکەیت، لەو رۆژەوە خوێندکارانێکی زۆر بەتایبەتیش کچان دێنە لام و ئێژن حەز دەکەین ببینە توێژەر، ئەمەش هەستێکی زۆر خۆشە زۆریشم بەلاوە گرنگە.

* پڕۆژەو کاری داهاتوت چی دەبێت؟

ئەم پەیپەرەی کە من بڵاوکردەوە بەشێکی بچوک بو لە پڕۆژەیەکی گەورە کە ئێستا خەریکین بە تیمێک ئیشی تێدا دەکەین کە پێکهاتوە لە (م.نازدار قودرەت) لە زانکۆی گەرمیان و سێ مامۆستای تر لە زانکۆکانی ئەمریکا و دو ئەندام لە ڕێکخراوی ADD ئەمریکی کە هەرخۆیان پاڵپشتیی مادی پڕۆژەکە دەکەن.

# گەرمیان خاڵی دەبێت لە خەتەنەکردنی مێینە

**■ نەوژین، زریان محەمەد**

**ئەندامێکی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی ئاشکرای دەکات ناوچەی گەرمیان بوەتە ناوچەیەکی خاڵیی لە خەتەنەکردنی مێینە، بەوپێیەی ساڵی رابردو هیچ حاڵەتێکی خەتەنەکردنی کچان تۆمار نەکراوە.**

لەیلا ئەحمەد، ئەندامی تیمی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی لە گەرمیان، لەدیدارێکی (نەوژین) دا بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە کە هاوکاتە بە ٦ی شوبات، تیشکیخستە سەر پرسی خەتەنەکردنی مێینە لە دەڤەرەکەدا.

* ئامارەکان چیمان پێدەڵێن لە بارەی خەتەنەکردنی مێینەوە، ئایا گەرمیان تا چەند خاڵیە لە حاڵەتەکە؟

بەپێی ئەو ئامارانەی کە هەیە و بەدواداچونمان بۆ کردوە، لە گەرمیان لە ساڵی ٢٠١٠ خەتەنەکردنی مێینە ٪٨١,٢ بوە، بەجۆرێک لە ٪٥٠ی کچانی خوار تەمەن ٢٠ ساڵان خەتەنەکراون، لە ساڵی ٢٠١٧ دا ٢٢٤١ حاڵەت هەبوە و لە ساڵی ٢٠١٨ کەم بوەتەوە بۆ ٢٩ حاڵەتی خەتەنەکردن لە گەرمیان، لە ساڵی ٢٠١٩ هیچ حاڵەتێک تۆمار نەکراوە و ناوچەکە خاڵیی بوە لە خەتەنەکردن، ئەم بە دواداچونەش لە ڕێگەی سیمینارەکانمانەوە بوە.

* داتاکانتان چۆن وەرگرتوە؟

ئەو داتانەی کە وەرمان گرتون لە کۆڕ و سیمینارەکانی ڕێکخراوی وادی کە ئەنجامی دەدا بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان و پیاوانیش راستەوخۆ وەرمان دەگرت و پرسیارمان کردوە کە کێ خەتەنە کراوە و کێ نەیکردوە.

* ئەو تەمەنانەی کە وەرگیراوە لەو راپرسیەی کە کردوتانە لە نێوان چەند دایە؟

لە ساڵانی رابردوی کەمپینەکەماندا هەمو تەمەنە جیاوازەکانمان وەرگرتوە ئەوەی کە خەتەنە کراوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٩ لە تەمەنی ١ رۆژە بۆ ٢٥ ساڵ وەرگیراوە، چونکە ئەو تەمەنە ئەگەری زیاتری هەبو بۆ خەتەنە کردن.

* بەپێی بەدواداچونەکانی ئێوە، هیچ حاڵەتی گیان لەدەستدان هەبوە بەهۆی خەتەنەکردنەوە؟

بە پێی ئەو بەدواداچونەی کە ئێمە کردومانە لە گەرمیان ٢ حاڵەت هەیە کە بەهۆی خەتەنەکردنەوە گیانیان لەدەستداوە لە ماوەی ئەو ١٥ ساڵەدا.

* لە ساڵانی پێشتر ئەم خەتەنەکردنە بە ناوی ئاینەوە کراوە، ئایا تاچەند ئەم بۆچونە گۆڕاوە؟

١٥ ساڵ پێش ئێستا زانایانی ئاینی و ئەو هاوڵاتیانەی کە دەچوینە لایان بەرەنگاری ئێمە دەبونەوە و بەریەککەوتن دروست دەبو لەنێوانمان، چونکە بێئاگابون لە زیانەکانی خەتەنەکردن و دەیانوت سونەتە، بەڵام ئێمە کۆڵمان نەدا و بەردەوام بوین کە دەبێت بە ئامانجی خۆمان بگەین و گەشتین، ئێستا مامۆستایانی ئاینی گەشتون بەو قەناعەتە کە ئەمە سونەت نیە و زیانی هەیە، بۆیە زۆر هاوکارمان بون.

* هۆشیاری خەڵک چۆنە و لە چ ئاستێکدایە بۆ روبەروبونەوەی خەتەنەکردنی مێینە؟

لە ساڵانی رابردو راستە هاوڵاتیان هیچ هۆشیاریەکیان نەبوە چ لە روی ئاینی چ لە روی زیانەکان و یاساکەشەوە، بەڵام لە ئێستادا هاوڵاتیان هۆشیاری زۆریان هەیە و هاتونەتە ئەو قەناعەتەی کە نابێت خەتەنەکردن هەبێت و بکرێت.

* یاسا رۆڵی چی بوە لە نەهێشتنی خەتەنەکردنی مێینە؟

بێگومان یاساش رۆڵی خۆی هەبو بە تایبەت یاسای ژمارە هەشتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی کە لە مادەی ٢ی برگەی حەوتی کە باس لە خەتەنەکردنی مێینە دەکات و بە پێی یاساکەش سزا هەیە بۆ بکەرانی ئەو کارە.

* ئەوەی ئاگاداربن و بەدواداچونتان کردبێت تاوەکو ئێستا کەسێک هەبوە لە بکەرانی خەتەنەکردنی مێینە سزا درابێت؟

تاوەکو ئێستا نەبوە کەسێک سزای یاسای وەربگرێت، چونکە شاراوە بوە و بە شاراوەیی کراوە لە ترسی ئەو یاسایەی کە هەبوە، ئەگەرچی پێیانیش راگەیاندوین کە هەیە و بە شاراوەیی ئەکرێت، کە داوامان کردوە پێمان بڵێن لە کوێیە و چۆن دەکرێت، کەسەکە ترساوە و پێی نەوتوین.

* ئایا بەدواچونەکانتان لەم بوارەدا بەردەوام دەبێت؟

بەڵێ بەردەوام دەبین لە بەدواداچونەکانمان، راستە لە ساڵی ٢٠١٩ هیچ حاڵەتێک نەبوە، بەڵام بە مانای ئەوە نایەت بنەبڕ کرابێت.



# دو هاوسەر کتێبخانە بۆ قوتابخانەکان دروست دەکەن

▪ نەوژین، ڕێناس سالەح

**دو هاوسەر لە ناحیەی رزگاری خەمی رۆشنبیرکردنی منداڵانی گەرمیان دەبێتە پاڵنەریان بۆ هەنگاونان و دەستبردن بۆ بیرۆکەیەکی جیاواز کە ئەوەش دروستکردنی کتێبخانەی تایبەتە بە قوتابخانەکان لە سنوری گەرمیان.**



پەری ساڵح و عەلی عوسمان، دو هاوسەری دانیشتوی ناحیەی رزگاری سەر بە قەزای کەلارن، کە هەستاون بەم پرۆژەیە، هاوکات قوتابخانەی (برایەتی) لە ناحیەی رزگاری یەکەم قوتابخانە بو لە گەرمیان کە کتێبخانەیان تێدا کردەوە.

پەری سالەح، بەم شیوەیە باسی چۆنیەتی پاڵپشتی خۆی بۆ بیرۆکەی هاسەرەکەی بۆ (نەوژین) گێڕایەوە.

«سەرەتا کە عەلی داوای هاوسەرگیری لەمن کرد و ڕەزامەند بوم، بیرۆکەیەکی خۆی بۆ باسکردم کە هەر لە قۆناغی خوێندنی زانکۆیەوە پلانی بۆ داناوە ئەویش دانانی دەخیلەیەک بۆ دروستکردنی کتێبخانە لە قوتابخانەکان بو، منیش بەوە زۆر خۆشحاڵ بوم بڕیارمدا بەشێک لە خەرجی هاوسەرگیریەکەمان بخەمە پرۆژەکەی ئەوەوە».

وتیشی: «خێزانەکەمان سەرەتا وتیان ئەمە قورسە بۆ ئێوە، بەڵام ئێستا ئەوان زۆر دڵخۆشن بەوەی پێی گەیشتوین.

کەواتە چی وای لە (عەلی) کردوە ئەم بیرۆکەی بە مێشکدا بێت و ئەوەندە تامەزۆربێت کە بیرۆکەکەی بکات بە راستی؟ «هەمیشە کە بیرم لە ژیانی ئێستای منداڵانی ناوچەکە دەکردەوە کە بەردەوام کاتەکانیان بە یاریە ئەلیکترۆنیەکان و بە خۆسەرقاڵکردن بەکۆمەڵێک شت کە هیچ دەرئەنجامێکی نابێت بەسەردەبەن، ئەمە وای لێدەکردم بیربکەمەوە شتێک کە لەتوانای من بێت بیکەم بۆ ئەوان، ئەمەش کە بیرم لێکردەوە بڕیارمدا پلانی بۆ دابنێم بۆ ئەوەی بتوانم جێبەجێی بکەم».

(عەلی) وای وت.

ئاماژەی بەوەشکرد: هاوسەرەکەی پاڵپشتیەکی باشی بوە تاوەکو بتوانێت پرۆژەکەی جێبەجێی بکات.

لەبارەی بەردەوامیان و چۆنیەتی پلانەکانیان بۆ کردنەوەی کتێبخانە لە قوتابخانەکانی دیکەی سنورەکە، عەلی حسێن، وتی: «بڕیارمانداوە بەردەوام بین ئەوەندەی بتوانین ساڵانە بەپێی توانا کتێبخانە بۆ قوتابخانەکانی گەرمیان دەکەینەوە».

ئەوان ئێستا تەنها نین، چەند هاورێیەکی عەلی سەرنجی کارەکەیان داوە ئێستا دەستیان کردوە بەپلان دانان بۆ پاڵپشتی کردنی بیرۆکەی ئەم دو هاوسەرە، بەڵام وەکخۆیان دەڵێن هیچ رێکخراوێکی ناحکومی و دەزگایەکی حکومی هاوکاری نەکردون.


لەگەڵ ئەوەشدا (پەری) دەڵێت: «پێشەنگای کتێب لە سلێمانی هاوکارێکی باشی ئێمە بو، بایی ٥٠ هەزار کتێبی بۆ کردینە دیاری، لەگەڵ چەند کەسێک کە خۆبەخشانە هاوکاریان کردین لە نۆژەنکردنەوەی ئەو ژورەی لە قوتابخانەی برایەتی دیاریمان کرد بۆ کتێبخانە.

ئامارێکی ورد نیە لەسەر کتێبخانە لە قوتابخانەکانی گەرمیان، وەک بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان ئاماژەی پێدەکات «ئامارێکی وردم لەبەردەست نیە لەسەر ئەو قوتابخانانەی کە کتێبخانەیان هەیە، بەڵام بەشێکی زۆر لە قوتابخانە ئامادەیەکانمان کتێبخانەیان هەیە».

م. دارا ئەحمەد سەمین، هاوکات باسی لەوەشکرد قوتابخانە بنەڕەتیەکان ژمارەیەکی کەمیان کتێبخانەیان هەیە کە ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی رۆشنبیرکردنی خوێندکاران.

لەبارەی دەستپێشخەری ئەم دو هاسەرەوە، بەڕێوەری گشتی پەروەردەی گەرمیان وتی: «ئەمەی کردویانە یەکێکە لە جوانیەکانی جیهان، کارێکی زۆر پیرۆزیان کردوە کە پێگەیاندنی نەوەیەکی بەداوەیە».

# نوشتەی ئەلیکترۆنیش پەیدا بوە




کارتی یەکێک لەو نوشتەکارانە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دا بڵاوکراوەتەوە

▪ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**هەندێک لە نوشتەنوس و فاڵگرەوەکان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کڕیار بۆ خۆیان رادەکێشن و هەندێکجاریش ئەو کڕیارانە لە وڵاتانی ئەوروپاوە داوا لە نوشتەنوس و فاڵگرەوەکان دەکەن کاریان بۆ بکەن و وەکخۆیان دەیڵێن «مرازی دڵیان حاسڵ بکەن».**

نوشتەکردن کە دیاردەیەکی دێرینە، مرۆڤەکان لەکاتی بونی خواست یان کێشەی دیارییکراودا، پەنای بۆ دەبەن. جاران کە دەچونە لای نوشتەنوسەکان بۆ شار و جێگەی دور و جیاواز، ئێستا تەکنۆلۆژیا دەستگەیشتنی ئەوانی بە نوشتەنوسەکان ئاسانکردوە.

کاروان، ٢٦ ساڵ، دەرچوی زانکۆ، باس لەوەدەکات لە ڕێگەی تۆڕی فەیسبوکەوە نوشتەچیەکی دۆزیوەتەوە و نوشتەی بۆ کردوە.

وتی: «لەگەڵ کچێک یەکترمان زۆر خۆش دەویست، بەڵامماڵەوەیان رازی نەدەبون، بۆیە پەنام بردە لای شێخێک لە فەیسبوک و کێشەکەم پێ وت و دوعای بۆ نوسیم و دام بە کچەکە، پاش چوار مانگ ماڵەوەیان رازی بون».

بەڵام هەمو جار نوشتەکان کاری خۆیان ناکەن وەک لە چیرۆکی (کاروان) دا هەیە.

ژالیا، ژنی ماڵەوەیە، گلەیی لە رەفتاری هاوسەرەکەی هەیە، لە ڕێگەی فەیسبوکەوە پەنای بۆ نوشتەنوسێک بردوە بۆ چاککردنی رەفتاری، دوای وەرگرتنی پارەیەکی زۆر وەک خۆی دەڵێت تا ئێستا کێشەکەی وەکو خۆیەتی.

وتی: «لە ڕێگەی فەیسبوکەوە نوشتەنوسێکم ناسی و کێشەکەم پێ وت، بەڵام ئەو درۆی لەگەڵ کردم و پارەیەکی زۆری لێ سەندم، سەرباری ئەوەش وتی پارەی ترم بۆ نەنێریت بە تەڵاقدانت دەدەم».

ئەم حاڵەتەی کە (ژالیا) ئاماژەی پێدا، لەگەڵ زۆر ژنی تریشدا دوبارە بوەتەوە.

ژیان، ٢٥ ساڵ، فەرمانبەر، وتی: «لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە نوشتەنوسێکم دۆزیەوە و داوام لێکرد نوشتەم بۆبکات بۆ ئەوەی هاوسەرگیری بکەم، داوای ٢٥ هەزاری لێکردم، منیش کارتێکی ٢٥ هەزاریی مۆبایلم بۆنارد، کەچی دواتر جوابیشی نەدامەوە و پارەکەشی خواردم».

> **به پاره یان باڵانسی مۆبایل نوشته دەکەم**

ئەوانەی کە نوشتە دەکەن، کەسانی ناسراو نین و زۆرتر نازناو بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن، هەندێک لەوانەش ژنن. (نەوژین) توانی دوان لەو ژنانە بدوێنێت کە نوشتە دەکەن و لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە کڕیار دەدۆزنەوە.

دایکی ژیان، ٤٩ ساڵ، دانیشتوی قەزای دەربەندیخانە، بە وتەی خۆی ماوەی ٩ ساڵە کاری نوشتەنوسین دەکات. بۆ (نەوژین) وتی: «لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەت فەیسبوک، مشتەریی باشم هەیە و زۆربەی ئەوانەی کێشەیان هەیە نامەم بۆ دەنێرن و منیش قسەیان لەگەڵ دەکەم کە ژن و کچن و کوڕ و پیاویشیان تێدایە، مشتەریی واش هەیە لە ئەوروپاوە داوای نوشتە دەکات».

وتیشی: «بە پارە یان باڵانسی مۆبایل داوای هەقی خۆم دەکەم و لە ١٠٠ دۆلارەوە تا ٦٠٠ دۆلار بۆ نوشتەیەک وەردەگرم».

نوشتەکەرەکان فێری بەبازاڕکردن و ریکلامکردن بۆ خۆیان بون، ئەوان لە پەیجەکانی خۆیانەوە نمایشی کار و نوشتەکانیان دەکەن، لەو ڕێگەیەشەوە خەڵکێکی زۆرتر رویان تێدەکات.

> **لە ڕێگەی فەیسبوکەوە نوشتەنوسێکم ناسی**

لەیلا، ژنێکی دانیشتوی گەرمیانە کە کاری نوشتەکردن ئەنجام دەدات، وتی: «لەبەر ئەوەی بەشێکی نوشتەکانم بە وێنە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان مشتەریی زۆر نامەم بۆ دەنێرن و داوای چارەسەر و نوشتەم لێ دەکەن».

ئاماژەی بەوەشکرد زۆرینەی ئەو داوایانەی دێنە لای، پەیوەندی بە کێشەی سۆزداریی و هاوسەرگیریی و خێزانیەوە هەیە.

بەڵام بە رای شارەزایەکی کۆمەڵایەتی، پارچە کاغەزێک کە ناوی لێنراوە نوشتە، ناتوانێت چارەنوسی مرۆڤێک باش بکات.

چۆمان محەمەد، توێژەری کۆمەڵایەتی، وتی: نوشتە و فاڵ کارێکی بێ بنەمان و دورن لە راستی و زانستەوە، کە بە داخەوە ئەمجۆرە کارە شۆڕبوەتەوە بۆ ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش.

باس لەوەشدەکات زۆرینەی ئەو کەسانە «قۆڵبڕ» و «ساختەچین» و درۆ لەگەڵ خەڵکی دا دەکەن.

مامۆستایەکی ئاییینیش ئەو کارانە بە ناڕەوا و حەرام و ناشەرعی ناو دەبات.

م. ئەحمەد وەرتێ، بۆ (نەوژین) وتی: «بڕوابون و نزیکبونەوە لە نوشتەنوس و فاڵچییەکان حەرامە و ناشەرعیە لە روانگەی ئاینی ئیسلامەوە، ئەو کارە هەڵخەڵەتاندنی بەرانبەرە و ئامانجی ئەو کەسانە فێڵکردن و قۆڵبڕین و پارەخواردنە».

## ڕەگەز پێوانە نیە بۆ توانا

# ژنانی گەرمیان: ئێمەش دەتوانین بەڕێوبەری سەرکەوتو بین

■ نەوژین

**ئەگەرچی ژمارەیان لە پەنجەی دەستەکان تێناپەڕێت، بەڵام ژنانی بەڕێوبەری فەرمانگە حکومیەکان لەگەرمیان، جەخت دەکەنەوە کە ئەوانیش دەتوانن هاوشانی پیاوان، لە ترۆپکی فەرمانگەکاندا بن و بەڕێوەیان ببەن.**

لەگەرمیانــدا ژمــارەی بەڕێوبەرانــی ژن لــە دەزگا فەرمیەکانــدا کەمــە، لەگەڵ ئەوەشــدا ژنــان بــاس لەوەدەکــەن کە توانیویانــە بــە باشــی ئەرکەکەیــان رابپەڕێنــن و هەســت بــەوە نەکەن کە بەهــۆی لایەنی رەگەزییانــەوە، ناتوانن بەشی پێویست کارا بن.

شــادیە حســێن عەباس، مــاوەی چوار ســاڵە بەڕێوەبەری گشــتی کشــتوکاڵی گەرمیانە، باس لەوەدەکات لە ئەزمونی کاری خۆیەوە فێر بوە کە رەگەز پێوانە نیە بۆ توانا.

وتــی: لــە خۆمــم رابینــی کە پۆســتی بەڕێوبەری گشــتی کشتوکاڵی گەرمیان وەربگــرم، وا ئــەم ماوەیــە تیایــدا بەردەوامم.

ئەگەرچــی ئەو بوارەی (شــادیە) کاری تێــدا دەکات قــورس و پــڕ ئالەنگاریە، بــەڵام وەکخــۆی ئامــاژەی بــۆ دا، بــە پشــتیوانی هــاوکاران و خێزانەکــەی، توانیویەتی سەرکەوتو بێت.

ئــەوەی لە بەشــداریی ژنانــی گەرمیان لە پۆســتە حکومیــەکان دا دەبینرێت، ئەوەیــە کە روکەشــانە نیە بــەوەی لە دەزگای کــەم چالاکیــی و کەم گرنگیی دا بــن، بەڵکــو بەپێچەوانەوە ژنان بون بــە بەڕێوبەر لەهەندێک فەرمانگەدا، کە ئەرک و کاریان زۆرە.

> دەبێت ژنان متمانەیان بەخۆیان هەبێت

ئاریا ئەنوەر، ماوەی ١٠ ساڵە بەڕێوبەری بانکــی کەلارە، کــە یەکێکە لــە دەزگا هەستیارەکان.

باس لەوەدەکات لەم ماوەیەدا روبەڕوی زۆر ئاستەنگ و رێگریی بوەتەوە، بەڵام توانیویەتــی بەســەریاندا زاڵ بێــت و تێیانپەڕێنێت.

ئــەم بەشــدارییەی ژنان هــەر لە قەزای کــەلار دا نەماوەتــەوە، بەڵکــو لــە قــەزای کفریــش بەهەمانشــێوە ژنــان رۆڵیــان هەبوە و لەرابردو و ئێستاشــدا فەرمانگەکانــی بانک و گەشــتوگوزار و کارەبایان بەڕێوەبردوە.

ئەشــواق ئیبراهیم، بەڕێوبەری کارەبای کفری، باس لــەوەدەکات لەکارەکەی دا گرنگیی بە توانا داوە نەک رەگەز، بۆیە خۆی بە سەرکەوتو دەزانێت.

وتیشــی: جــاری واهەبــوە خــۆم تاکە ئافــرەت بومــە لەنێــو شــەش پیــاودا پرۆژەیەکمــان جێبەجــێ کــردوە و سەربەرزانە پرۆژەکەمان ئەنجام داوە.

بەپێــی ئامــاری ئیــدارەی گەرمیــان، نزیکەی ١٠ پۆســت لەنێو ســەروی ٧٠ پۆســتی حکومییدا لەگەرمیان، لەلایەن ژنانــەوە بەڕێوەدەبرێــن، ئەوانیــش تیایاندایە لــە بەڕێوبەری ناحیەوە هەتا دەگات بە بەڕێوبەری گشتی.



بەرپرســێکی ئــەو ئیدارەیــەش، بــاس لــەوەدەکات کــە تواناکانــی ژنانــی بەڕێوبەر، بەکەمتر لە هی پیاوان نازانن.

هەڤاڵ ئیبراهیــم، بەڕێوبەری راگەیاندن و پەیوەندیەکانی ئیدارەی گەرمیان، بە (نەوژیــن)ی وت: بە پێی هێز و توانای کەســەکان لە ئیشکردن دا لەو پۆستانە دادەنرێن.

وتیشی: ژن یاخود پیاو بەپێی پۆست و تواناکانیان دەخرێنە بەر بەرپرسیارێتی. پێیشــیوایە «ژنەکان ئەگەر توانایان لە پیاوان زیاتر نەبێت کەمتر نیە».

ژنانــی بەڕێوبەر ئامــاژە بەوەدەکەن کە جگــە لە ئەرکی پۆســتەکەیان و ئەرکی خێزان و لایەنی کۆمەڵایەتییش، زۆرجار ئەرکی پیشەیی دیکەشیان لە ئەستۆیە و توانیویانە سەرکەوتو بن تیایاندا.

د. بەنــاز جەلیــل، بەڕێوەبــەری نەخۆشــخانەی شەهید شــێرەی نەقیب بــۆ ژنان و مناڵبون لــە کەلار، ئاماژەی بەوەکــرد کــە ماوەی نزیکەی ٦ ســاڵە بەڕێوەبــەری ئــەو نەخۆشــخانەیەیە، ســەرەڕای ئەرکــی بەڕێوەبــەری، کاری پزیشکیش ئەنجام دەدات.

ئــەو پێیوایــە ژنانیــش هاوشــێوەی پیــاوان دەتوانــن بەرپرســیارێتی فەرمانگــە حکومیــەکان وەرگــرن، بــۆ ئەمــەش رێنمایــی ژنــان دەکات کە لە ئاستەنگەکان نەترسن و سڵ نەکەنەوە، وتــی: «دەبێت ژنان متمانەیان بەخۆیان هەبێت و روبەروی کێشەکان ببنەوە».

---

# چۆن لە سیستەمی هاوسەرۆکایەتی گەیشتون؟



■ هاوڕێ جەبار محەمەد

**سیستەمی هاوسەرۆکایەتی؛ بۆ هاوسەنگی و یەکسانی ژنانە هاوشانی پیاوان لە بڕیار و بەڕێوەبردندا، نەک بۆ هاودەسەڵاتیی نێوان دو دەسەڵاتخواز.**

هاوسەرۆکەکان، ژن و پیاوێکن، لەوانەی باش لە دیموکراســی تێگەیشــتون و لە زیهندا ئاوێتەی بونە، ئاشــقی دەسەڵات نیــن، بەڵکو لــە پێنــاوی ئامانجەکانی یەکســانی و عەدالــەت و مافەکان، بەو ئەرکــی رێبەرایەتیکردنــە، رازیدەبــن و دەیگرنە ئەستۆی خۆیان.

هاوســەرۆکایەتی لە هەمو پێکهاتەکانی هەیکەلــی حزبــدا و تەنانــەت لە هەمو پۆســتەکانی حزب بە دەســتیان دێنێت لــە حکومــەت و پەرلەمــان و ...، دەبێت هەمان سیســتەمی بەڕێوەبردنی هاوســەرۆکایەتی جێگیربــکات و پێکبێنێت.

سیســتەمی هاوســەرۆکایەتیی، مۆدێلی سیســتەمێکی بەڕێوەبردنــە، لــە ژێــر رۆشــنایی و پەرســپەکتیفی بــە پراکتیککردنی کۆڵەکەکانی دیموکراسی پیادەدەکرێــت، نــەک بــۆ رێککەوتن لە ســەر مانــەوەی ئەقڵیەتی قۆرخکاری و بەرژەوەندیخوازی.

ئــەو مۆدێلــەی رێبەراتیکردنــە، ئاڵتەرناتیڤی هەمو شێوازەکانی دیکەی بەڕێوەبردنی وەک: ئاغایەتی، تاکڕەوی، عەسکەرتاریە.

سیســتەمێکە هەمــو چەمکەکانــی بەڕێوەبردنــی قۆناخەکانی: کۆیلایەتی، دەرەبەگایەتی، سەرمایەداری و تەنانەت چەپی کلاســیکیش تێدەپەڕێنێت، نەک بۆ بۆیاخکردنی کۆنە کورسیەکی رەش، بە سپی یان رەنگێکی دیکە.

ئــەو سیســتەمە، مۆدێلێــک نییە، کێ دڵــی بخوازێــت، وەک روکــەش خــۆی پێدابپۆشــێت و وەک ئامرازێکــی چەواشەش بەکاریبێنێت، بەڵکو زەمینە رەخســان و پێگەیشــتنی زهنییەتێکی پێویســتە، کــە قۆناخەکانی شــێوازی رێبەرایەتی پێشــخۆی شــیکردۆتەوە و سیستەمێکە وەک پێنگاڤ و تەکانێکی پرۆسەی دیموکراسی، تا ببێتە وەڵامێک بۆ گۆڕانکاری لە کۆی بوار و جومگەکانی سیاسەت و تەواوی ژیانی کۆمەڵگەدا.

ئەمــە پرســیارێکە و ســەرکردایەتی «ی.ن.ک» دەبێــت لەخۆی بکات: ئایا بەر لەوەی سیســتەمی هاوسەرۆکایەتی راگەیەنێــت، ئامادەکاریــی بــۆ کردوە؟ زەمینــەی بابەتیــی و خۆیــی بــۆ رەخســاندوە؟ قۆناخەکانــی دیکــەی هەڵسەنگاندوە و تێپەراندوە؟ زەمینەی فیکریــی بــۆ ئامادەکــردوە؟ کادیــر و لایەنگرانی بەو سیستەمە ئاشناکردوە؟ لە رێگەی کۆرس و حەلقەی رۆشنبیری و پەروەردەییــەوە، نــاوەڕۆک و زەرورەت و پرەنســیپەکانی ئەم مۆدێلی هاوســەرۆکایەتییەی بــە زنجیرە، لــە ســەرەوە تــا خــوارەوەی هەیکەلــی رێکخستنەکان، ناساندوە؟

لــە هەمــوی گرنگتــر خەباتــی ژنانــی یەکێتی، بەو ئاستە گەیشتوە پێشبڕکێ لەگــەڵ پیــاودا بــکات؟ پێگــەی ژن، تەواوکــەری ئەو سیســتەمەیە، چونکە نیــوەی ســیتەمەکە تــەواودەکات و نیــوەی بەڕێوەبــردن لــەو سیســتەمی ســەرۆکایەتییەدا، مــاف و ئەرکی ژنان خۆیانە.

ئایا خەبات و تێکۆشــینی ئازادی ژن لە نێــو خودی حزبدا، لــە روی چەندایەتی و چۆنایەتییــەوە لە هەمو جومگەکانی: رێکخســتن، سیاســی، ســەربازی، دبلۆماســی، لــە نێــو ســەرکردایەتی، مەکتەبــەکان، مەڵبەندەکان، تا دەگاتە کۆمیتە و شــانەکان «ئەگــەر هەبن»، بەو ئاســتە گەیشــتوە لە روی ژمارە و کاریگەرییەوە، لە توانای بەڕێوەبردندا، خــۆی لــە قــەرەی کاریگــەری و دەسەڵاتەکانی پیاو بدات لە نێو حزب؟ ئایــا تێکۆشــینی ژن لە نێــو یەکێتیدا، بوەتــە خاوەنــی ئایدیۆلۆژیــای ئازادی ژن؟ ئەو تێکۆشــینەی ژنان، توانیویانە نــەک تەنیا خۆیــان، بەڵکــو کۆمەڵگە هۆشــیاربکاتەوە و بــکات بــە هێزێکی رێکخراو و خاوەن رۆڵ؟

هەروەهــا باســەکانی رێکخســتنی: گەنجــان، رێکخــراوە دیموکراتییــەکان، دەزگا مەدەنی و راگەیاندن و ســەندیکا پیشــەییەکان و .... هتد، سەربەخۆیی بڕیاردانیــان هەیە؟ ئازادن لە رادەربڕین و هەڵوێســت وەرگرتن، ئەو دەرفەتەیان بۆ رەخســێندراوە بــەو مەودایە ببڕن و ببن بــە خاوەنی ئیرادەی ســەربەخۆی خۆیــان؟ ئــەی توانیویەتــی زیهنیەتی پیاوســالارێتی لە بیرکردنەوە و کرداری پیاودا لاوازبکات.

هــەر حــزب، رێکخــراو، دەزگایــەک، فەرامۆشــی رۆڵــی ژنان بــە تایبەتی و گەنجــان بــکات، ناتوانێت سیســتەمی هاوسەرۆکایەتی پەیڕەو بکات، نا ئەگەر هەوڵبدات دو پیاو بکات بە هاوســەرۆک و گوێ بە یاســا و چەمکی راستەقینەی سیستەمی هاوسەرۆکایەتی نەدات، ئەوا لەوەگەڕێ خۆخەڵەتاندنێکی زەقە و هیچ مۆرکێکــی ئەو سیســتەمەی پێوەنییە، تەنانەت داهاتوی حزبەکەیشــی دەخاتە مەترسییەوە.

# باوکێک: هیچ هۆکارێک نیە بۆ ڕێگرتن لە کارکردنی کچەکەت



■ نەوژین، ئالا عادل

**پێشتر ئەو ژنانەی لەدەرەوەی ماڵ کاریان دەکرد، ژمارەیان زۆر کەم و سنوردار بون، بەڵام ئێستا وایلێهاتوە کەم شوێن و جێگای کار هەیە، زیاد لە ژنێکی تێدا نەبینی.**

لـەم چەنـد ساڵەی دواییـدا، ڕێـژەی کارکردنی ژنان لە گەرمیان بەرادەیەکی بەرچاو پەرەی سەندوە، بەتایبەتی ژنان تێکـەڵ بە بـازاڕی کاری تایبەت بون و هاوشانی پیاوان بون و کارامەیی خۆیان پیشانداوە.

ژنانی ئیشـکەر بـاس لەوەدەکەن، ئەو ڕێگریەی پێشـتر هەبوە لە کارکردنیان دا، ئێسـتا هەسـت بـە کاڵبونـەوەی دەکەن.

سـۆلاف عومەر، ٢٢ ساڵ، لە دوکانێکی کەلار دا کار دەکات، بۆ (نەوژین) باسی لـە سـەربوردەی کارەکەی خـۆی کرد «مـن خوێندنم تەواو کـرد و حەزمکرد ئەو توانایەی هەمـە بیخەمە کارێکەوە، بۆیە بڕیارمدا لەم دوکانەدا کاربکەم».

ئەو کچە بە تۆنێک لە خۆشـحاڵییەوە، باسـی لەوەکـرد کـە هیـچ ئاسـتەنگ و ڕێگریەکـی نەهاتوەتـە پێـش و خێزانەکەی پاڵپشتی بون لە بڕیارەکەی دا «خێزانەکـەم ڕێزیان لـە بڕیارەکەم گرت و ڕێگەیان پێدام کار بکەم».

ئـەوەی دۆخەکـەی بـە بەرژەوەنـدی کارکردنی ژنان شـکاندوەتەوە، ئەوەیە کـە نێرینەکانـی خێزانـەکان (بـاوک و بـرا)، گۆڕانکاریەکـی زۆر بەسـەر تێڕوانینیاندا هاتـوە لەبارەی کارکردنی کچ و خوشکەکانیانەوە، ئێستا دەرفەتی زیاتریان بۆ کارکردن دەدەنێ.

زانیـار عومـەر، ٢٦ سـاڵ، بـاس لەوە دەکات کـە خێزانەکـەی بـە تێکـڕا پشـتگیریی خوشـکەکەی بـون لـەو پرۆژەی کارە کە دەستی داوەتێ.

وتـی: «خوشـکەکەم بەڕێوبـەری دایەنگەیەکی ئەهلیە و پێشتر لە چەندین ڕێکخراو و شـوێنی تر کاری کردوە، من و خێزانەکەشم زۆر هاوکاریمان کردوە تا گەشتە شوێنێکی گونجاو».

دیمەنەکە بەو شێوەیەش ڕەنگین نییە، بەڵکـو سـەرباری ئـەم پشـتگیریی و هاندانانەش، کەچی هێشـتا ئاسـتەنگ هەن، هێشتا ژمارەی ئەو کەسانە زۆرن کە کارکردن بۆ ژنان بە ڕەوا نابینن.

سـیما، ناوی خـوازراوی کچێکی تەمەن ٢٦ ساڵە، باس لەوەدەکات کە خۆی زۆر حەزی لە کارکردنـە، بەڵام خێزانەکەی ڕێگەی پێنادەن.

«خێزانەکەم لەسەر ئەو بیرکردنەوەیەن کـە کـچ دەبێـت لەماڵـەوە بـێ نـەک دەرەوە»، (سـیما) بـە سـیمایەکی خەمبارەوە وای وت.

ئـەم ڕایـە، (ئەحمـەد عوسـمان)یش پشتگیریی دەکات.

ئـەو کـە پیاوێکـی تەمەن ٣٥ سـاڵە، وتـی: «زوڵمە کچ بە بەدبەختی گەورە بکەیـت و دوای بهێڵـی بە کەیفی خۆی کار بکات».

بەڵام باوکێکی تر بەرپەرچی ئەم بۆچونە دەداتـەوە و پێیوایـە ئـەوەی وادەکات کچـان لە کارکـردن بێبـەش بکرێن کە مافی خۆیانە، تەنها دڵپیسییە.

حسـێن لوقمـان، ٥٠ سـاڵ، وتـی:

> بۆ کارکردن دەبێت جیاوازی نەکەین لە نێوان ڕەگەزەکان

«هیـچ هۆکارێـک نیە واتلێبـکات ڕێگر بـی لەبـەردەم کچەکـەت دا، پێموایـە ڕێگـری بۆ دڵپیسـی و نەبونـی متمانە دەگەڕێتەوە».

(زانیار)یـش جەخـت لـەم بۆچونـە دەکاتـەوە و دەڵێت: «دەبێت جیاوازی نەکەیـن لـە نێـوان ڕەگـەزەکان بـۆ کارکردن».

بـەرای توێژەرێکـی دەرونـی، کارکردن نـەک تەنهـا لـە روی مادیـەوە، بەڵکو لـەروی دیکەی ژیانییشـەوە کەڵکی بۆ ژنان دەبێت.

نـوری محەمـەد، ٤٧ سـاڵ، توێـژەری دەرونـی، بـۆ (نەوژین) وتـی: دەبێت ژن ئـازاد بکرێـت بـۆ هەرکارێـک کـە حەزی لێیەتی، بـەڵام هاوکاری بیت لە پیشاندانی ڕێگەی ڕاست و هەڵە.

جەختیش دەکاتەوە کە ژنیش وەک پیاو پێویسـتی بە کارە، کارکردنیش سودی زۆری بۆ دەبێت «کارکردن ڕۆڵی دەبێت لەوەی ژنانیش تێکەڵ بە چالاکیەکان بن و سـەرەنجام کۆمەڵگایەکی چاوکراوەتر و ڕۆشنبیر دەخولقێنین».

---

# چیتر زێڕ ماڵی سپی نیە بۆ ڕۆژی ڕەش



■ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**«بڕی ٦٠ مسقاڵ زێڕم هەیە، دەمویست لەم ساڵانەدا زێڕی زیاتر بکڕم، بەڵام هەستم کرد کە دواتر زیانی لێدەکەم بە فرۆشتن بێت یاخود بە کڕین، بەو هۆیەوە وازم هێنا». ئەمە وتەی (سیما)یە کە ژنێکی دانیشتوی گەرمیانە.**

پێشـتر ژنان هەرکاتێک پارەیەکیان گل بدایەتـەوە، دەیاندا بـە زێڕ، بەوهۆیەی خۆیـان بەو ماڵە سـپیەیان دەزانی کە بۆ ڕۆژی ڕەش فریایان دەکەوێت، بەڵام قەیرانی دارایی و لەگەڵیشـیدا دابەزینی نرخی زێڕ، ئەو بۆچونەی لا گۆڕیون.

ئێسـتا ژنان کەمتر لە جاران پشـت بە زێڕ دەبەسـتن وەکو سـامانێکی مۆڵ و کەوتو.

سـیما، ٣٩ سـاڵ، کـە هاوسـەرەکەی بازرگانـە، ڕونیکـردەوە لـە ئێسـتادا لـە بـری کڕینـی زێـر، دۆلار دەکڕێـت «بەهـۆی بەرزی نرخی دۆلارەوە، دۆلار دەکـرم، گەر بێتو ئێسـتا زێڕ بکڕم، لە فرۆشتنەوەی دا زیان دەکەم».

تەنیـا ژنـان سـودیان لـە کڕینـی زێر وەرنەگرتبو، بەڵکوسـەرمایەدارەکانیش بەهەمانشێوە سودیان لێوەرگرتوە.

سـاڵح، یەکێکـە لـەو هاوڵاتیانـەی لە بـازاڕی کڕیـن و فرۆشـتنی ئوتۆمبێـل دا کاردەکات، بـۆ (نەوژیـن) وتـی: «لەماوەی چوار سـاڵی ڕابـردودا زێڕم پاشـەکەوت کرد و پـارەم دەدا بە زێڕ، بەڵام لە ئێسـتادا دەسـتبەرداری بوم، چونکـە ماوەیەک پێش ئێسـتا بە بڕی ٤٥ هەزار دۆلار زێڕم کڕی و پاشەکەوتم کـرد، بـەڵام کاتێک ویسـتم زەوییەکی پێبکڕم، زێڕەکەم لە بازاڕ سـاخ کردەوە و ١٥٠٠ دۆلار زیانم بەرکەوت».

زەڕەنگەرێک ئەوە پشتڕاسـت دەکاتەوە کـە ئێسـتا وەک جـاران، خەڵکی زێڕ پاشەکەوت ناکەن.

دارا حاجـی ئەحمـەد، خاوەنـی زەڕەنگەری دارا لە شـاری کەلار، وتی: هاوڵاتیان وەک ساڵانی پێشو ڕو ناکەنە کڕینـی زێڕ، ئەو پارەیەی هەیانە لە کار و پرۆژەی تر بە گەڕی دەخەن، ژنانیش کەمتـر زێـڕ دەکڕن و ئەویـش تەنیا لە ڕۆژی هاوسەرگیریی دا.

وتیشـی: «پیاوانیـش سـاڵانی پێشـو لـە بۆرسـە دا زێڕیـان دادەنـا و کڕین و فرۆشـتنیان پێوەدەکـرد، بـەراورد بەسـاڵانی ڕابـردو ٢٠٪ بازاڕمان کەمی کردوە».

بەهـۆی ترسـیان لـە دۆخـی ئابوری، ئێسـتا هاوڵاتیان ئەوەیان پێباشـە کە پارەکەیان بە موڵک و بازرگانی تر بدەن وەک لە زێڕ.

ئـاراس فوئـاد، یاریدەدەری سـەرۆکی زەڕەنگەرانی سـلێمانی، بـۆ (نەوژین) وتـی: «پێشـتر هاوڵاتیـان و کەسـە نـاودارەکان کڕیـن و فرۆشـتنیان بـە زێڕەوە دەکرد و بە یەکجار ٥٠٠ بۆ ٦٠٠ کیلۆ زێڕیان دەکڕی و لەبازاڕی بۆرسەدا دایان دەنا و دەیان فرۆشتەوە، لەکاتێک دا زێڕ بەرزو نزمی دەکرد».

وتیشـی: «ئێسـتا خەڵکی زێڕەکانیان دەکەنـە پارە و گومانیـان لە هەڵگرتی زێڕ هەیە لە ماڵەکانیاندا».

لەگـەڵ ئەوەشـدا شـارەزایەکی ئابوری ئاماژە بەوەدەکات کە ئەگەرچی زێڕکڕین کەمی کردبێت، بەڵام کۆتایی نایات.

نەبەرد کەریم، شارەزای بواری ئابوری، وتی: زێڕ بازرگانیەکی جیهانیە و برەوی خـۆی هەیـە و بـازاڕی خۆیشـی هـەر دەمێنێـت، بەڵام ڕەنگە ئێسـتا بەهۆی گەمارۆی وڵاتانـی دەوروبەرەوە، برەوی دراوی دۆلار زیاتـر بەسـود بێـت، بۆیە هاوڵاتیان پەنایان بۆ بردوە.

> هاوڵاتیان وەک ساڵانی پێشو ڕو ناکەنە کڕینی زێڕ

> ئێستا خەڵکی زێڕەکانیان دەکەنە پارە

## عومەر عەبدوڵڵا، دەرهێنەری شانۆگەری (وەرن ببین بە سەگ):

# شانۆکەی ئێمە سوکایەتیە یان فەتوا و جنێوی هەندێک مەلا؟



■ نەوژین، زریان محەمەد

**دەرهێنەری شانۆگەری (وەرن ببین بە سەگ)، جەخت لەوەدەکاتەوە کە شانۆگەریەکەیان هیچ سوکایەتیەکی تێدا نەبوە بە تێکڕای مامۆستایانی ئاینی وەک دەوترێت، بەڵکو وەڵامدانەوە بوە بۆ هەندێک مەلا کە بە ئاشکرا سوکایەتی بە ژنان دەکەن.**

لەمیانەی چالاکیەکانی وەرزی شانۆی گەرمیان کە لە رۆژانی ٢٢ و ٢٣ی ئەم مانگە لە کەلار بەڕێوەچو، یەکەم نمایشی شانۆیی وەرزەکە کە شانۆیەکی سەرشەقام بو بەناونیشانی (وەرن ببین بە سەگ) دەنگدانەوە و هەڵایەکی زۆری دروستکرد و بە سوکایەتیکردن بە ئاینی ئیسلام لێکدرایەوە و بەوهۆیەشەوە زانایانی ئاینی بە بەیاننامە و سکاڵا تۆمارکردن، لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیشدا بەشێک لە هاوڵاتیان، هێرشێکی توندیان کردە سەر شانۆگەریەکە.

دەرهێنەری شانۆگەریەکە (عومەر عەبدوڵڵا)، باس لەوەدەکات روی ئەوان لە هەندێک مەلا بوە کە سوکایەتی بە ژنان دەکەن، هاوکات داکۆکی لەم کارەی خۆیشان دەکات.

لەمیانەی دیدارێکی (نەوژین) دا کە دەقەکەی لەخوارەوە دەخوێننەوە، دەرهێنەری شانۆگەری (وەرن ببین بە سەگ)، باس لەوەدەکات ئەم هەڵمەت و هێرشە ساردیان ناکاتەوە لە کاری هونەریی و داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان و هێنانە پێشەوەی ژنان لە هونەردا.

* ئێوە وەک باستان کردوە ئەو شانۆیەتان بۆ داکۆکی لە ژنان بوە، چی وایکرد کە وا داکۆکی لە ژنان بکەن؟

ئەو شانۆیە لە دەقێکی شیعری وەرگیراوە و ئەو نەهامەتی و دەردەسەریانە باس دەکات کە هەر رۆژە و بە جۆرێک بە تاکێک یان کومەڵگەی کوردی دەکرێت و ئێمەش خستمانە سەر تەختەی شانۆ. ئەو دەستدرێژیانەمان بەرجەستەکرد کە بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەگشتی و ژنان بە تایبەتی دەکرێت و کاردانەوەی

> ”لە بانگی عەسردا شانۆگەریەکەمان راگرت بە خاتری خەڵکانی دیندار“

خراپی لێدەکەوێتەوە.

* واتا هۆکاری ئەوەی کە ئێوە ئەم شانۆیەتان ئەنجام داوە، رەنگدانەوەی ئەو کردەوانە بێت کە بەرامبەر بە ژنان دەکرێت لەلایەن هەندێک لە مەلایان، واتا پاڵنەری سەرەکیتان ئەمە بوە؟

ئیشەکان رون و دیار بوە، هەندێک مەلا هەیە و قسەمان لەسەر کردوە کە لەشوێنەکان و گرتە ڤیدۆیەکانیان کە هەیە چۆن ئیهانەی ژنان دەکەن و خراپەکاری بەرامبەر بە ژنان دەکەن، یەکێک لەو مەلایانە زۆر بە رونی باس لەوە دەکات کە هەر کەسێک لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان بخوێنێت لەشفرۆش و چی و چیە، هەر کەسێکیش خۆی بداتە پاڵ ئەوانە هیچیان کەمتر نیە لەوان.

* زانایانی ئاینی رایانوایە کە سوکایەتی بە هەمو مەلاکان کراوە لەم شانۆیەدا نەک ئەوانەی کە وەک ئێوە دەیڵێن «جنێو فرۆشن» و جنێو بە ژنان دەدەن؟

سوکایەتی بە مەلای ئاینی نەکراوە، هەر کەسێک شانۆکەی بینیبێت و لە گرتە ڤیدۆیەکانیش دا هەیە، ئێمە لە کاتی بانگی عەسردا شانۆگەریەکەمان راگرتوە بە خاتری ئەو خەڵکانەی دیندارن.

* پێتوایە شانۆکەتان بەوشێوە سوکایەتی تێدابوبێت و بەوشێوەیە مەترسیدار بوبێت بۆسەر کۆمەڵگا کە وەک باس دەکرێت؟

> ”ئەم کارانە نە ئێمە و نە کچان سارد ناکاتەوە“

نەخێر، ئایا شانۆکەی ئێمە مەترسیدارترە یان فەتوا و سوکایەتی هەندێک مەلا بە مرۆڤ و ژنان؟

بێگومان ئەو سوکایەتیانەی کە مەلاکان بە ژنانی دەکەن مەترسیدارترە وەک لە شانۆکەی ئێمە، چونکە ئەوەی ئێمە بۆ داکۆکیکردن بوە لە ژنان، نەک ئەوانەی هەندێک لە مەلایان دەیکەن.

* ئەو هەڵایەی پاش شانۆگەریەکەتان دروست بوە، ئایا ئێوەی پەشیمان کردوەتەوە لە پشتگیری دۆزی ژنان و بەشداری ژنان لە شانۆدا؟

بە پێچەوانەوە وایکرد هەنگاوی زیاتر بنێم و زیاتر و کاراتر لە دۆزی ژنان ئیش بکەم و خزمەت بە ژنان و کۆمەڵگە بکەم و داکۆکی زیاتر لە ژنانی وڵاتەکەم و جیهانیش بکەم.

* هیچ خوێندنەوەیەکتان هەیە بۆ ئەو هەڵمەتەی پاش نمایشی شانۆیەکە دژتان کرا، بەتایبەتی لەوەی پەیوەندی هەبێت بە بەشداریی کچان لە هونەر و شانۆدا لە گەرمیان؟

شانۆکەی ئێمە سێ کارەکتەری گەنجی تێدایە و بە هەندێک خەڵک هەزم ناکرێت کە ئەو کاراکتەرە جوانانە بەو بوێریە نمایشی سەرشەقام بکەن، ئەمەش وایکرد کە هێرشێکی ناڕەوا بکەنە سەر ئێمە. باشە ئەوان کە باس لە پیرۆزییەکان دەکەن، ئەو هەمو جنێو و قسانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دا بەرامبەر بە ئێمە دەکرا کە لە هیچ یاسا و رێسایەکدا جێی نابێتەوە و جوانیش نیە، ئەوانە چی؟!

* هەندێک خەمی ئەوەیانە کە ئەم هەڵمەت و هەڵایەی رویدا، هونەرمەند و شانۆکاران لەکاری هونەریی سارد بکاتەوە و بەتایبەتی کچانیش هەڵوەستە بکەن، تۆ رات چیە؟

ئەگەر ئێمە سارد بینەوە بەڵێ کاریگەری هەیە، بەڵام من بەپێچەوانەوە وایدەبینم کە ئەمە وایکرد ئێمە زیاتر هەنگاو بنێن و بچینە پێشەوە، بێگومانم ئەم کارانە نە ئێمە و نە کچان سارد ناکاتەوە.

* ئێوە پێتان وایە کە کچان بەو شێوەیەی کە هاتونەتە پێش بەردەوام بن؟

لەو بڕوایەم سورتر و جەسورتر بن و زیاتر بێنە پێشەوە.

* کەوایا لە شانۆکانی داهاتوتان دا کە بتانەوێت بەرهەمی بهێنن، کچان بەشداری پێ دەکەن؟

ئەوە شتێک نیە کە وازمان لێهێنابێت، بەڵکو ئەو دەقەی کە هەڵیدەبژێرین و رۆڵی ژنی تێدابێت، بەڵێ بێگومان زیاتر ئەیانهێنمە پێشەوە بۆ ئەوەی رۆڵی ژنان و کارەکتەری ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا پاراوتر و جوانتر بێت.



### م. حەمەئەمین کەلاریی، سەرۆکی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی:

# کێشەمان لەگەڵ بەشداریکردنی ژنان لە شانۆگەریی دا نیە



▪ نەوژین، زریان محەمەد

**سەرۆکی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلام رونکردنەوەی ستافی شانۆیی (وەرن ببین بە سەگ) بە دروست نازانن لەبارەی ئەوەی تەنها قسەیان بە چەند مەلایەک کردوە نەک هەمو مەلاکان، ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەوان دژ بەو «سوکایەتیەن» کەلە شانۆگەرییەکە پێیان کراوە، نەک دژی بەشداریی ژنان بن لە شانۆگەریی دا.**

م. مەلا حەمەئەمین کەلاریی، سەرۆکی لقی گەرمیان و ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، لە دیدارێکی (نەوژین) دا قسە لەسەر نارەزایەتیەکانی خۆیان لە شانۆگەری (وەرن ببین بە سەگ) دەکات کە رۆژی ٢٢ی شوباتی ٢٠٢٠ لە کەلار نمایش کرا و هەڵایەکی زۆری دروست کرد.

مەلا حەمەئەمین کەلاریی، باس لەوەدەکات کە ئەوان پشتگیریی لەو مەلایانەش ناکەن کە سوکایەتی بە ژنان دەکەن و دەشڵێت پێیانوتون کە ئەم رەفتارانەیان ئەوانیش «ناشرین» دەکات.

* مامۆستا، ئایا ئێوە دژی شانۆگەرین و بە تایبەتی بەشداری ژنان لە شانۆگەری، یاخود تەنها ئەو شانۆگەرییە؟

ئێمە کێشەمان لەگەڵ ئەوە نیە کە ژنان بەشداربن لە شانۆگەریدا، دەمانەوێت مافیان هەبێت، کەسیش وەک ئێمە حەز ناکات، بەڵکو هەندێک منالٚ لاسایی (قوبادی جەلی زادە)یان کردوەتەوە و جوێن بە مەلایانی ئاینی ئەدەن.

* واتە ئێوە دژی ئەوە نین ژنان لە شانۆگەریدا رۆڵ ببینن؟

هەرگیز ئێمە دژی ئەوە نین، ئاینی ئیسلام ئەو ئاینە نیە کە مافی خەڵک وەربگرێتەوە، بەڵام ئەوان نەیانزانیوە ئەدای شتەکان بکەن و بێ ئەقڵ بوە ئەو ژنەی کە رۆڵەکەی گێڕاوە.

* کەواتا ئێوە ژنان بە بێ ئەقڵ دەزانن؟

نەخێر، بەو شێوەیە نیە، جاری وا هەیە پیاویش بێ ئەقڵ دەبێت، دەبوایە ئەو ئافرەتەی کە رۆڵەکەی بینیوە بیری لەوە کردبایەتەوە کە نەدەبو وەری بگرێت.

* ستافی شانۆکە دەڵێن مەبەستمان لە هەمو مەلایەک نیە، بەڵکو تەنها دو مەلان کە لای هەموان ناسراون، کەوایە ئێوە لە چی تورەن؟

خۆزگە لە شانۆکە بیانوتایە چەند مەلایەک یان دو مەلا، بەڵام ئەوان سوکایەتیان بە هەمو مەلایانی ئاینی کردوە و دەبوایە بیانوتایە هەندێک مەلا.

* واتە ئێوە پاڵپشتی ئەو مەلایانە ناکەن کە بەو شێوە جنێو بە ژنان دەدەن؟

ئێمە پاڵپشتی لە هیچ مەلایەک ناکەین کە سوکایەتی بە ژنان بکات، نەک ئەوەش بە هیچ دینێکی دیکەش، بەڵام رێگەش نادەین سوکایەتیمان پێ بکرێت و دژی ئەو مەلایانەشین کە سوکایەتی بە ژنان بکەن ئەگەر وابێت بە خودی خۆمانی دەکەین.

* هیچ کات هەبوە وەک یەکێتی زانایانی ئاینی لێپێچینەوە لەو مەلایانە بکەن کە سوکایەتی بە ژنان دەکەن؟

ئێمە دەسەڵاتی ئەوەمان نیە لێپێچینەوە بکەین، بەڵکو داواشمان لە هەندێک مەلا کردوە و بانگمان کردون بۆ سکرتاریەتی یەکێتی زانایان و هەندێکیشیان بەدەممانەوە نەهاتون، حکومەتیش هاوکارمان نیە، لەگەڵ ئەوەش پێمان وتوە کە قسە دەکەی بەناوی مەلایانەوە دەڕوات ئێمەشی پێ ناشرین دەبین.

* لە دوای رەخنەکانی ئێوە، سوکایەتی زۆر بەو ئەکتەرانە کرا و تەنانەت هەڕەشەیان لێکردون بە تایبەت کچەکان، ئایە ئێوە لەگەڵ ئەمەدان؟

ئێمە لەگەڵ ئەوە نین کە جنێوی ناشرین بدەن بە خەڵک و بە هەمو مەلایانیشمان وتوە کە جنێو نەدەن، زیاتر لە شەست مەلا بوین کە کۆبوینەوە و بەیەکەوە سەردانی داواکاری گشتیمان کرد و سکاڵامان تۆمار کرد. جگە لەوەش تەنانەت هاوڵاتی ئاساییش هاتوە کە ویستویانە هەنگاوێک بنێن، بەڵام ئێمە نەمانهێشتوە و وتمانە قسە بە مەلای ئاینی کراوە نەک بە ئێوە، بۆیە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوە نین کە سوکایەتی بکرێت.

* واتە ئێوە لەگەڵ ئەوەش نین کە هیچ کات سوکایەتی و توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان بکرێت؟

نەخێر، هەرگیز ئێمە لەگەڵ ئەوە نەبوین کە سوکایەتی یان توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان بکرێت، هەر کەسێکیش بیکات وەک ئەوە وایە کە بەرامبەر بە خودی خۆم کرابێت.

* هیچ هەوڵێک هەبوە بۆ ئەوەی لەگەڵ دەرهێنەر و ستافی شانۆ کۆببنەوە و بە لەیەک تێگەشتن مەسەلەکە چارەسەر بکرێت؟

نەخێر، تاوەکو ئێستا شتی وا نەبوە، بەڵکو ئێمە وەک مەلایانی ئاینی داواکاری خۆمان ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کردوە بۆ ئەم کێشەیە، هەمومان ئەوەمان دەوێت کە بێن و داوای لێبوردن لە هەمو موسڵمانان بکەن نەک بە تەنیا لە ئێمە.

* ئێوە دەستپێشخەریتان نەکردوە بۆ دانیشتن و لێکتێگەیشتن؟

ئێمە چۆن دەستپێشخەریی بکەین؟ ئەوان سوکایەتیان بە مەلاکان کردوە لە شانۆگەریەکەیان دا، چۆن دەبێت ئێمە بچینە لایان و دەبێت ئەوان بێنە لامان.

> پاڵپشتی لە هیچ مەلایەک ناکەین کە سوکایەتی بە ژنان بکات

> داواکاری خۆمان ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کردوە بۆ ئەم کێشەیە

# منداڵان چیرۆکی دەستدرێژی کردنە سەریان دەگێڕنەوە



▪ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**ئەلیف، کە پیتی یەکەمی منداڵێکە، لەلایەن باوکی هاوڕێکەیەوە بێبەزەییانە دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەری، سەرباری زیانە تەندروستی و جەستەییەکان، توشی دۆخێکی خراپی دەرونیش دەبێت.**

حاڵەتەکانی دەستدرێژی سێکسی بۆسەر منداڵان، لەو حاڵەتانەن کە وەک باس دەکرێت، کەمتر رادەگەیەنرێن و بڵاودەکرێنەوە، بەڵام ئەم حاڵەتە لە پەنای کۆمەڵدا بونی هەیە ناوە ناو باسی حاڵەتێک یان روداوێک دێتە ئاراوە.

قوربانیانی ئەم جۆرە تاوانە، بەهۆی روداوەکەوە زەبرێکی زۆری جەستەیی و دەرونیان بەر دەکەوێت.

ئەلیف، ئەو منداڵەی لە سەرەتای راپۆرتەکەدا ئاماژەی پێکراوە، منداڵێکی تەمەن (٨) ساڵانە، وەک دایکی بۆی گێڕاینەوە، رۆژێک کاتژمێرێک درەنگ تر لە قوتابخانە گەڕاوەتەوە ماڵەوە، دەموچاوی پەشۆکاو و ترساو دیار بوە و شۆکێکی گەورەی پێوە بینراوە.

وتی: دواتر بۆی گێڕاینەوە کە کاتێک لە قوتابخانە گەڕاوەتەوە، هاوڕێکەم باوکی هاتوە بە شوێنی دا بیباتەوە، ئەمیشی هەڵگرتوە و وتویەتی پێکەوە یاریی بکەن لەگەڵ کچەکەم دا.

وتیشی: کاتێک رۆشتونەتە ماڵەوەیان، هاوڕێی کچەکەم رۆشتوە بۆ لای دایکی، باوکیشی لەوکاتەدا فرسەتی هێناوە و دەستدرێژیی کردوەتە سەر کچەکەی و لاقەی کردوە.

ئەو دیمەنە لەپێش چاوی (دایکی ئەلیف) لاناچێت، کاتێک گەڕاوەتەوە ماڵەوەیان، بەشێوەیەک پاش پشکنینی دەرکەوتوە گیانی هەمو سوربوەتەوە و سنگی شوێن دەستی پێوە دیار بوە و جلەکانی خوێنی پێوە بوە، پاشان بەرەو نەخۆشخانەیان بردوە.

«دوای لێکۆڵینەوە و پشکنین دەرکەوت ئەو پیاوە لە دواوە دەستدرێژی بەزۆری کردۆتە سەری و ئازاری داوە، بۆیە سکاڵامان لە دادگا کردوە بۆ سزادانی ئەو تۆمەتبارە». (دایکی ئەلیف) وای وت.

هەندێکجار کچان لەتەمەنی هەرزەکارییدا لەخشتەدەبرێن و لەلایەن کوڕانەوە دەستدرێژیی دەکرێتە سەریان.

ئیمان، ناوی خوازراوی کچێکی تەمەن (١٧) ساڵانە، باس لەوەدەکات دو ساڵ پێشتر و ئەوکاتەی تەمەنی ١٥ ساڵان بوە، لەلایەن هاوڕێکەی و دو هاوڕێیەوە، دەستدرێژیی کراوەتە سەر.

وتی: لەماڵەوە لەگەڵ دایک و باوکم بو بە شەڕم، هانام بۆ هاوڕێ کوڕەکەم برد بچم لە توندوتیژی سکاڵا تۆماربکەم، پەیوەندیم پێوەکرد و هات بەدوامدا.

وتیشی: «هاوڕێ کوڕەکەم بردمی بۆ دور لە شار، دو برادەری تری چاوەڕێیان دەکرد، بە هەرسێکیانەوە دەستدرێژیان کردە سەرم و ئەوەی ویستیان پێیان کردم و بردمیانەوە بۆ ماڵەوە».

حاڵەتەکانی دەستدرێژی سێکسی تەنها لەبەرامبەر کچانی منداڵ دا ئەنجام نادرێن، بەڵکو کوڕانی منداڵیش بەهەمانشێوە روبەڕوی ئەم تاوانە دەبنەوە.

ئاریان، ٩ ساڵ، لەلایەن هاوڕێیەکی گەورەتریەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر. وەک دایکی بۆی گێڕاینەوە، هاوڕێکەی لەگەڵ دو کوڕی تردا، ئاریان-یان هەڵخەڵەتاندوە و بردویانە بۆ شوێنێکی دور و لەوێ دەستدرێژیان کردوەتە سەر.

خێزانەکەی ئەم کوڕە لە دادگا سکاڵایان تۆمار کردوە و چاوەڕێی سزادانی ئەنجامدەرانی تاوانەکەن.

رەنگە خێزانی ئاریان لەو خێزانە کەمانە بن کە سکاڵایان لەسەر ئەم بابەتە تۆمار کردوە، چونکە وەک بەرپرسان ئاماژەی بۆ دەکەن، زۆربەی جار ئەم تاوانانە بە نهێنی دەمێننەوە.

محەمەد گومەشینی، وتەبێژی دەستەی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان، بۆ (نەوژین) وتی: دەستدرێژی کردن زۆرە، بەڵام بە نهێنی دەمێنێتەوە لە ترسی باس کردن لە ناوخەڵک و ئەو کەلتورەی کورد پابەندە پێوەی.

وتیشی: «بەهۆی نەزڕاندنی ناو و ناوبانگ، بەشێکی زۆری ئەم کەیسانە بە نهێنی دەمێنێتەوە و باس ناکرێت، بە کەمی سکاڵا دێتە لامان و کاری لەسەر دەکەین».

ئەگەرچی ئەم تاوانە لە یاسادا سزایەکی توندی بۆ دانراوە، بەڵام وەک زۆر تاوانی تر لە کۆمەڵگادا بونی هەیە.

کۆچەر فایەق، پارێزەر لە دادگای کەلار، بۆ (نەوژین) وتی: بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ساڵی ١٩٦٩، لە مادەی ٣٩٣ ژمارە ١١ دا دەڵێت: ئەو کەسەی دەستدرێژی دەکاتە سەر منداڵ، سزاکەی زیندانە بۆ ماوەیەک کە دەگاتە هەمیشەیی بەپێی جۆری تاوانەکە.

سەرباری ئەمەش، بەڵام زۆرجار کەیسەکانی دەستدرێژی بۆسەر منداڵان پەردەپۆش دەکرێن.

چۆمان ئەحمەد، توێژەری دەرونی، بۆ (نەوژین) وتی: منداڵان بەشێکیان روبەڕوی دەستدرێژی یان دەستلێدان و «تحرش» دەبنەوە، بەڵام ناوێرن یان ناتوانن باسی بکەن و لە باسکردنی سڵ دەکەنەوە.

---

# منداڵان چۆن ئاشنا بکرێن بە ئاین؟

## توێژەرێک: لەبری سەپاندن دەبێت منداڵان فێری ناساندنی ئاین بکرێن



▪ نەوژین، سروە کەریم

**بەو هۆکارەی زۆرینەی خێزانەکان پابەندیی ئاینیان هەیە، بۆیە زۆربەیان لە تەمەنێکی کەمەوە منداڵان ناچار بە پەیڕەوکردن لە ئاین دەکەن، ئەمەش بۆچونی جیاوازی دروستکردوە.**

بەشێکی بەرچاوی خێزانەکان، لەگەڵ ئەوەدان هەر لە تەمەنێکی کەمەوە منداڵان ئاشنا بکرێن بە ئەرک و بنەما ئاینیەکان و پێیان جێبەجێ بکرێت.

ئاکام، باوکی چەند منداڵێکە، پێیباشە کە منداڵان لەتەمەنێکی کەمەوە ئاشنا بکرێن بە ئاین.

وتی: «بۆ ئەوەی تێگەیشتنیان ئاسانتر بێت و فێری ئەوە بکرێن کە گرنگی بە ئاین بدەن وەک پایەیەکی سەرەکی و گرنگی ژیان».

بەپێچەوانەوە هەیە پێیوایە کە منداڵ لە ئاستێکدا نیە کە بتوانێت بە ئاسانی بنەماکانی ئاین هەزم بکات و رەفتاری خراپی خێزانەکانیش لەم روەوە، وادەکات لێکەوتەکان خراپ بن.

هاوناز، ٢٦ ساڵ، ئەزمونی خۆی لەمبارەیەوە گێڕایەوە «خودی خۆم لە تەمەنێکی بچوکدا روبەڕوی زۆرلێکردن بومەوە و بەناوی ئاینەوە لەچکیان بەسەردا سەپاندم، ئەمەش وایکرد کە هەست بە زوڵم بکەم بەتایبەتی کە بە زۆر پێمکرا نەک بەوەی تێبگەیەنرێم و قەناعەتم پێبکرێت».

> دەبێت سەرەتا منداڵان فێری هەڵسوکەوتە دروستەکان بکرێن لە رێگەی ئاینەوە

ئەو پێیشیوایە بە گشتی واباشە منداڵان تا پێدەگەن لەم بابەتانە بەدور بخرێن و زیاتر گرنگیی بە پتەوکردنی لایەنی دەرونیان بدرێت.

بەرای دایکێکیش، راهێنانی منداڵ بە بیری توندڕەوی ئاینی مەترسی لەسەر دوارۆژی خودی منداڵەکە دروست دەکات.

زارا، دایکی منداڵێکە لەکەلار، وتی: بەهۆی ئەوەی هاوسەر و ماڵە خەزورانم لە بابەتە ئاینیەکان توند بون، زۆر هەست بە توندڕەوی منداڵەکەم دەکەم لەو روەوە، بەشێوەیەک جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی دا.

زۆربەیجار خێزانەکان منداڵەکانیان ناچار دەکەن بۆ ئەنجامدانی سروتە ئاینیەکان، بەبێ رەچاوکردنی ئەوەی منداڵەکان توانای وەرگرتنی ئەو سروتانەیان نیە و لێی تێناگەن.

لەیلا ئەحمەد، چالاکی بواری ژنان و منداڵان، پێیوایە تاکی کۆمەڵگای کوردی بە گشتی، لە تەمەنی منداڵیەوە تاکو پێگەشتن، مافی هەڵبژاردنی ئاینی نیە.

ئەو پێیباشە خێزانەکان زۆرتر گرنگیی بە لایەنە پەروەردەییەکە بدەن، بەوپێیەی لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا تاکەکان خۆیان رێچکەی ئاینی خۆیان دەدۆزنەوە و بڕیاری لێدەدەن.

سەپاندنی بۆچونی ئاینی بەسەر منداڵدا، مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کە لێکەوتەی خراپ و پێچەوانەی هەبێت بەسەر خودی تاکەکە، ئەمە جگە لە کاریگەرییە دەرونییەکان.

عەباس مەحمود، توێژەری دەرونی، بۆ (نەوژین) وتی: «ئاین رەهەندێکە بۆ پێکەوەژیان و دەبێت منداڵان فێری ناساندنی ئاین بکرێن نەک سەپاندن».

پێیشیوایە دەبێت خێزان و قوتابخانە لەم بوارەدا رۆڵیان هەبێت «ئەرکی خێزان و سیستەمی پەروەردەیە کە رەچاوی لایەنی سایکۆلۆژی منداڵان بکەن لەو روەوە».

زانایەکی ئاینیش رایوایە کە دەبێت منداڵان پلەبەپلە و بەپێی توانای تێگەیشتنیان، بابەتە ئاینیەکانیان پێ ئاشنا بکرێت.

م. ئیدریس ژاڵەیی، مامۆستای ئاینی، دەڵێت: «ئاینەکان بۆ خزمەتکردنی مرۆڤەکان هاتون، بۆیە دەبێت سەرەتا فێری ئەو هەڵسوکەوتە دروستانە بکرێن لە رێگەی ئاینەوە و گرنگی بە ئاکار و رەفتارگەلێکی سەرەتای بدرێت، بۆ ئەوەی بە دورر بن لە توندڕەوی، بەمجۆرە دەتوانین تاکێکی بە رەوشت و دور لە توندڕەویی دروست بکەین».

# دایکان و باوکان گرنگیی بە کچە هەرزەکارەکانیان نادەن

■ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**سیڤانە، زۆرینەی ڕۆژەکان بە خەمبارییەوە و لەناو حەوشەی قوتابخانەکەی دا خەیاڵ دەکات، لەدڵی خۆیدا دەڵێت «بریا دایک و باوکێکی باشم هەبوایە و گرنگیان پێم بدایە». ئەو کە کچێکی هەرزەکاری تەمەن (١٥) ساڵانە، نیگەرانە لەوەی دایک و باوکی، زیاتر لە منداڵەکانیان، گرنگیی بە خۆیان و کاروبارەکانی خۆیان دەدەن.**

> دایک و باوکم تەنانەت کە نەخۆش دەکەوم زۆر ناپرسن چیتە



هەرزەکاری تەمەنێکە کە پێویستە دایکان و باوکان تیایدا گرنگی تایبەت بە منداڵەکانیان بدەن، بەڵام زۆرێک لە منداڵان ئەو گرنگییەیان پێنادرێت، توێژەرانی کۆمەڵایەتیش ئەم پشتگوێخستنە بە مەترسیەکی گەورە دادەنێن.

سیڤانە، کە فێرخوازی پۆلی ٩ی بنەڕەتییە، بۆ (نەوژین) دەڵێت: دایک و باوکم زۆر نازم هەڵناگرن، تەنانەت کە نەخۆش دەکەوم زۆر ناپرسن چیتە و کێشەت چیە؟

ئەو باس لەوەش دەکات کە ئەم «کەم سۆزیەی» خێزانەکەی، وای لێکردوە هەندێکجار بیەوێت لەڕێگەی پەیوەندیی سۆزدارییەوە لەگەڵ کوڕان، قەرەبوی بکاتەوە.

مامۆستایان بۆچونیان وایە ئەم کێشەی گوێپێنەدانە بە ڕادەیەکی بەرچاو لە خێزانەکاندا بونیان هەیە.

دڵنیا محەمەد، مامۆستا، دەڵێت: زۆر جار دەبیستین و گوێ لە کێشەی کچان و کوڕان دەگرین لە ناوەندەکەمان، کە باس لەوەدەکەن لەلایەن ماڵەوە پشتگوێخراون.

وتیشی: هەرزەکاری تەمەنێکی زۆر هەستیارە، بەتایبەتی کچان لەم تەمەنەدا پێویستیان بە گرنگیپێدان هەیە.

گرنگیپێنەدانی پێویست لەم تەمەنەدا، وا لە کچان دەکات کە هەست بە بۆشاییەکی ڕوحی و دەرونی بکەن.

ڕێزان، ٢٠ ساڵ، خوێندکاری زانکۆ، یادەوەریەکانی خۆی لەم تەمەنەدا هەڵدەداتەوە و باس لەوە دەکات کە گرنگیپێنەدانی خێزانەکەیان پێی، چەند ئازاری داوە و تەنانەت سەری کێشاوە بۆ ڕوداوی مەترسیدار.

وتی: لە تەمەنی ١٥ ساڵی و ترۆپکی هەرزەکاریم، ماڵەوەمان گرنگییان بە دۆخم نەدەدا، بەڵکو بەپێچەوانەوە وەکو دوژمن مامەڵەیان لەگەڵ دەکردم، ئەمەش وایکرد کە هەوڵ بدەم لە ڕێگەی پەیوەندی سۆزدارییەوە قەرەبوی بکەمەوە.

ئەو باس لەوەشدەکات لەو تەمەنەدا هێندە بارودۆخی دەرونی خراپ بوە، کە پەنای بۆ خۆکوشتن بردوە، بەڵام دواتر توانیویەتی هەستێتەوە و دەست بە ژیان بکاتەوە.

توێژەرانی کۆمەڵایەتیش خودی دایکان و باوکان بە بەرپرسیاری سەرەکی لەم گرنگیپێنەدانە دەزانن.

مەریوان حسێن، توێژەری کۆمەڵایەتی، بۆ (نەوژین) دەڵێت: تەمەنی هەرزەکاری تەمەنێکی هەستیارە، دەبێت بە وریایی ئاگاداری منداڵ بین لەو تەمەنەدا، چونکە ئەگەر گرنگیان پێنەدرێت توشی هەڵە دەبن.

وتیشی: لە نەبونی گرنگیپێدان و زۆربونی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندن، ئەو هەرزەکارانە ڕەنگە هەنگاوی ئەوتۆ بنێن کە دواتر بە زیان بۆ خۆیان بشکێتەوە.

ئەگەر دایکان و باوکان بەشی پێویست گرنگیی بە هەرزەکاران نەدەن، ئەی دەزگا پەروەردەییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەو ڕووەوە چیان کردوە؟

ئەم پرسیارەمان ئاراستەی (مەریوان حسێن) کرد، لەوەڵامدا وتی: کەرتی پەروەردە گرنگی زۆری بە توێژەری کۆمەڵایەتی نەداوە بۆ ئەوەی فێرخوازان بتوانن کێشەکانیان بۆ باس بکەن و ئەوانیش چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.

چالاکوانانیش باس لەوەدەکەن کە هەوڵی خۆیانیان لەو ڕووەوە داوە، بەڵام وەکخۆیان ئاماژەی بۆ دەکەن بەپێی پێویست نیە.

سەمیرە محەمەد، چالاکوانی مەدەنی، بۆ (نەوژین) دەڵێت: زۆرجار سیمینارەکانمان بردوەتە ناوەندەکانی خوێندن کە ئەم قۆناغە دەیانگرێتەوە، خوێندکارمان ئاگادار کردوەتەوە لە هەستیاری تەمەنەکەیان و خۆپاراستن لە هەڵە.

وتیشی: زۆرێک لە چالاکیەکانمان ئەگەرچی لە بواری ژنان بێت، بەڵام لەناو باسەکاندا ئاماژەمان بە قۆناغی هەرزەکاریی بەتایبەتی کردوە، چونکە خێزانی کوردی ناخوێنێتەوە و پێویستیان بە پێدانی هۆشیاریە لەسەر ئەو قۆناغە.

ڕێزان، وەکو کچێک کە ئەزمونی ئەم تەمەنەی کردوە، جەخت لە ڕای ئەو چالاکوانە دەکاتەوە و پێیوایە خێزانەکان دەبێت زیاتر لە هەرکاتێک، لەم تەمەنەدا گرنگیی بە منداڵەکانیان و بەتایبەتی کچەکانیان بدەن.

«تەمەنی کچان بەتایبەتی لە هەرزەکاریی دا زۆر هەستیار و گرنگیشە، ئەگەر دایکان و باوکان لەم تەمەنەدا گرنگیی باش بە کچەکانیان بدەن، هەرگیز توشی شکست نایەن». (ڕێزان) وای وت.

# مەیلی دەستدرێژی بۆ سەر ژنان



■ ڕێزان حەسەن

**بە شێوەیەکی گشتی دەستبردن بۆ هەر شتێک لەلایەن کەسێکەوە کە خاوەنی ئەو شتە نەبێت، دەچێتە چوارچێوەی دەستدرێژییەوە، بەڵام مەیلی دەستدرێژی واتا ئارەزوکردنی بە دەستهێنانی ئەو شتەی کە موڵکی کەسی خاوەن ویستی بەدەستهێنەر نیە. واتا مەرج نیە ئەوەی مەیلی دەکات دەستی بۆ بردبێت، بەڵام ئارەزو دەکات دەستی بۆ ببات.**



ژنان وەک قوربانییەکی هەمیشەیی لە سەرجەم کایە و ڕوداوە جۆربەجۆرەکاندا، لەم ئافاتی دەستدێژییەش دیارترین قوربانین، بەڵام وەنەبێت ئەم مەیلی دەستدرێژییە تەنها لە دەستدرێژی سێکسیدا کورت بکرێتەوە، بەڵکو دەستدرێژی لە هەمو شتێکدا خۆی دەبینێتەوە. نمونەی ئەو خاتونەم لایە، کە بیرۆکەی دامەزراندنی ناوەندێکی ڕۆشنبیری بۆ پیاوێک عەرز دەکات، بەو هیوایەی ئەم پیاوەی کە ناسراوی چەندەها ساڵەی ئەم خاتونە و خانەوادەکەیەتی هاوکار و دەستگیری بێت تا بیرۆکەکەی بخرێتە سەر عەرزی واقیع، بەڵام کاتێک ئەم پیاوە لەگەڵ عەرزکردنی بیرۆکەکە بۆ جەماوەر، خۆی دەکاتە خاوەنی بیرۆکەی دامەزراندنی ناوەندەکە، بەبێ ناوهێنانی خاوەن بیرۆکەی ڕاستەقینە کە هی ژنێکە! ئەمە خودی دەستدرێژی کردنە، نەک تەنها بۆ بیرۆکەیەک، بەڵکو مەیلی دەستدرێژی کردنە بۆ خودێتی ژن و هەوڵێکە بۆ ڕێگری کردن لە دروستبونی ژنان لە ناو کۆمەڵگادا.

ئەمە تەنها نمونەیەکی بچوکە بۆ مەیلی دەستدرێژی بۆ سەر ژنان، بۆ هەمو کایەکانی تریش هەر ڕاستە و دەیان و سەدان نمونەی زیندومان هەیە، کە بەپێویستی نازانین نمونەی زیاتر بخەینە بەرباس.

بەڵام دیارترین و خراپترین جۆری دەستدرێژی و مەیلی دەستدرێژی بۆ سەر ژنان، دەستدرێژی سێکسیە کە کاریگەری زۆر نەرێنی و ڕوخێنەر بەسەر قوربانیەوە بەجێدەهێڵێت. لە کاتێکدا مەرج نیە دەستدرێژییەکە بە کرداری ئەنجام بدرێت، تەنها لە سنوری مەیلی دەستدرێژیدا دەمێنێتەوە. بەڵام کە کەسی قوربانی پێدەزانێت و درک بەو هەوڵانە دەکات کە دەدرێت تا دەستدرێژی بکرێتە سەر، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا توشی گرفت و گرێ و نەخۆشیی دەرونی دەکات، زۆرجاریش سەر دەکێشێت بۆ خۆسوتاندن و خۆکوشتن.

هەروەک چۆن خواردن و خەوتن پێویستی بونی مرۆڤن، بەهەمان شێوە سێکس بەشێکە لە بونیادی کەسی و پێکهاتەی مرۆڤ، لە ڕوی زانستیەوە لای لاوان، ئەم بەشە زۆر چالاکە و لەوپەڕی گەشەدایە، هەر بۆیە پێویستە ئاراستە بکرێت. بەڵام باسکردن لە سێکس بۆ لاوان، بە ناوی هۆشیاری سێکسییەوە، دەبێت زۆر بە ئاگاییەوە بکرێت و نەشێوێنرێت. ئەم کایەیە ئەگەر بەشێوەیەکی تەندروست لای لاوان بە گشتی و گەنجان بە تایبەتی ڕۆڵی خۆی نەبینێت، گرفتی گەورەی لێدەکەوێتەوە. کە مەیلی دەستدرێژی و دەستدرێژی کردن بۆ سەر ژنان و منداڵان لە دیارترینی ئەو گرفتانەن.

جا بۆ پاراستنی کۆمەڵگا و بەرەنگاربونەوەی ئەم جۆرە حاڵەت و دیاردانە، سەرەتا خێزان، پاشان خوێندنگە و دواتریش کۆمەڵگا بەگشتی، ئەرکی پەروەردەیەکی دروست و پێگەیاندنێکی بە ئاگایانەیان لە ئەستۆدایە.

بەداخەوە لە کۆمەڵگای کوردی بە گشتی، لەپەروەردەیەکی نادروست داین، بۆیە کارکردن بۆ پێگەیاندنی خود و هۆشیاربونەوەی ژنان، خاڵی وەرچەرخانی کۆمەڵگایە بەرەو باشتر بون.

# پزیشکێکی پسپۆڕ: ژنان زیاتر لە پیاوان توشی تەزین و سڕبونی پەلەکان دەبن



■ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**پزیشکێکی پسپۆڕ ئاماژە بەوەدەکات کە ژنان زیاتر لە پیاوان توشی حاڵەتی تەزین دەبن لە ئەندامەکانی جەستەیان، هۆکارەکەیشی گرێدەداتەوە بە زۆر خۆماندوکردنیانەوە.**

تەزین، بریتیە لە: هەر هۆکارێکی ناسروشتی لە لەشدا کە ببێتە هۆی سڕبونی بەش و پارچەیەکی جەستە، ئەم حاڵەتەش بەپێی جۆر و چەشنی جیاواز لە ژناندا بونی هەیە.

لە دیدارێک دا لەگەڵ (د. سیروان محەمەد جەمال) پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەری جومگە و ئێسک و شکاوی، باس لە هۆکارەکانی ئەم حاڵەتە و چارەسەرەکانی دەکات.

* سەرەتا با بزانین لە روی زانستیەوە تەزین چیە؟

بریتیە لە هەستێکی نائاسایی کە لە هەر شوێنێکی لەش دا رودەدات، زیاتریش لە دەستەکان و قاچەکان و باسک و ران بەدی دەکرێت.

* زیاتر لە چ تەمەنێک تەزین رودەدات؟

زیاتر لە تەمەنی (٢٥ بۆ ٤٥)ساڵی دەردەکەوێت.

* پیاوان زیاتر توش دەبن یان ژنان؟

لە ژنان دا زیاتر دەردەکەوێت.

* هۆکارەکەی چیە؟

بەهۆی زۆر جوڵان و ئیشکردن و هیلاکبونی قاچ و دەستەکان.

*نیشانەکانی چین؟

چەند نیشانەیەکی هەیە، لەوانە: هەست کردن بە ماندوبونی زۆر، هەست کردن بە ئازاری شانەکان، ئازاری جومگەکان بەتایبەت لە شەوان دا و بەوهۆیەوە خەبەری دەبێتەوە.

*هۆکارەکانی چین؟

هۆکارەکانیشی زۆرن، لەوانە: چەمانەوەی جومگەکان لە کاتی نوستن یان کاتی ئاسایی کە دەبێتە هۆی نەگەشتنی خوێن بۆ دەست و پێ. گەورەیی تەمەن لە پیاو یان ژن، بەڵام لە ژن دا لە کاتی سکپڕی رودەدات یان لە کاتی ترس دا هەناسەی خێرا دەبێت. دروستبونی پاڵەپەستۆ لەسەر بڕبڕەکانی مل یان لەسەر دەمارەکانی دەست و پێ. نەخۆشیەکانی: (رۆماتیزم، غودە، کەم ئۆکسجین، تێکچونی هاوسەنگی و رێژەی کالیسیۆم، نەخۆشی شەکرە، سەوەفان، برینداربونی دەمار لە مل دا، نەخۆشی شەکرە، جەڵتەی مێشک و...هتد). نان کردن و خۆماندوکردن بە تایبەت لە ژنان دا. نەخۆشی سەوەفان کە بە زۆری لە سەروی ٥٠ ساڵیەوە دروست دەبێت.

* چۆن خۆمان بپارێزین؟

لە دوای تەمەنی ٣٠ ساڵ بە سەرەوە، باشتروایە جوڵەیان کەم بکەنەوە و کێشیان دابەزێنن. هەروەها ئەوانەی نەخۆشی شەکرە و سەوەفانیان هەیە، دەبێت ئاگاداری خۆیان بن و باشتر خۆیان بپارێزن. کاتێکیش پزیشک بڕیاری نەشتەرگەری دا بۆ ئەو کەسانەی توشی نەخۆشیەکە بون، پشتگوێی نەخەن.

* چ کاتێک پێویستە سەردانی پزیشک بکەین؟

هەر کاتێک هەست بە سڕبونێکی بەردەوام و بە بێ وەستان کرا، پێویستە سەردانی پزیشک بکرێت.

* هەندێک لەنەخۆشەکان نەشتەرگەریان کردوە بۆ رزگاربون لەم حاڵەتە، کەچی دوای ماوەیەک دیسان دروست دەبێتەوە، هۆکار چییە؟

هۆکاری نەکردنی پشکنینەکانە بە وردی لەلایەن پزیشکەوە، هەندێکجار بێ بڕیاردانی پزیشک نەخۆشەکە نەشتەرگەری دەکات.

* ئەگەر نەشتەرگەریەکە سەری نەگرت، دەتوانرێت دیسان نەشتەرگەری بکرێتەوە؟

بەڵێ، ئەگەر هۆکارەکەی بەباشی دیاری کرابێت دەتوانێت نەشتەرگەری بکاتەوە.

* ئەگەر کەسێک نەشتەرگەری کرد، ئامۆژگاری چی دەکەیت؟

نابێت شوێنی نەشتەرگەریەکە تەڕ بکات و دەبێت تا ماوەیەک دەستکێشی دەست بەکاربهێنێت. هەروەها نابێت زۆر ماندوی بکات و ئەو دەرمان و چارەسەرانەی کە پزیشک بۆی نوسیوە، لە کاتی خۆی بەکاربهێنێت.

> لەکاتی سڕبونی بەردەوام، پێویستە سەردانی پزیشک بکرێت

# فۆلیک ئەسید چیە و بۆچی بەکاردێت؟

■ نەوژین،
ئامادەکردنی: ئامینە محەمەد

**فۆلیک ئەسید، یەکێکە لەو چارەسەر و دەرمانانەی کە بەتایبەت ژنانی دوگیان پێی ئاشنان، ئەویش بەهۆی ئەو سودەی کە بۆیان هەیەتی لە کاتی دوگیانیەکەیان دا.**



فۆلیک ئەسید دەرمانێکی روەکییە و لە رێگەی روەکەکان دەستمان دەکەوێت. لە ساڵی ١٩٣٠ بۆ یەکەمجار دۆزرایەوە و بەکارهێنانی رونکرایەوە .

فۆلیک ئەسید (Folic acid) ڤیتامینی جۆری بیە (B) (ڤیتامین بی ٩)، لە چەند جۆرێکی خواردندا دەردەکەوێت، وەکو: خواردنە سەوزە تۆخەکان، پرتەقاڵ، دانەوێڵە، پاقلەمەنی و گۆشتی مانگا.

هەندێک جۆری نان و خواردنی بەیانیان و سریلاک کە بەرهەم دەهێنرێن، فۆلیک ئەسیدی تێدایە. هەر بۆیە سەیری بەرگەکەی بکە پیتی (F) لەسەر نوسراوە و بەوەدا دەیناسیتەوە.

* بەکارهێنانەکانی

دەرمانێکە بەکاردێت بۆ ئەو نەخۆشانەی کەمخوێنن لەگەڵ ژنانی دوگیان لە سەرەتای سێ مانگی سکپڕیدا. فۆلیک ئەسید وەکو ڤیتامینەکان بەشداریی دەکات لە دروستبون و دابەشبونی خانەکانی لەش و بەشدارە لە دروستکردنی DNA.

دەتوانین لەدو رێگەوە فۆلیک ئەسید وەربگرین: بە رێگەی دەم یان لە رێگەی دەرزی بۆ ماسولکە و دەمار.

* فۆلیک ئەسید و دوگیانی

رەنگە هەندێک کەس بپرسن: بۆچی هەمو خانمێکی دوگیان پێویستە فۆلیک ئەسید وەربگرێت؟

فۆلیک ئەسید وەک باشترین و سەلامەتترین دەرمان دادەنرێت بۆ خانمی دوگیان و پێویستە بەر لە دوگیان بون و لەکاتی سکپڕیدا لەلایەن خانمی دوگیانەوە بەکاربهێنرێت.

پێویستە هەر خانمێکی دوگیان لەژێر چاودێری پزیشکی پسپۆڕدا، بڕی ٤٠٠ مایکرۆ گرام فۆلیک ئەسید بخوات لە رۆژێکدا و باشتریشە رۆژانە قاپێک دانەوێڵە پاش وەرگرتنی حەبی فۆلیک ئەسید بخوات.

بە گشتی کەموکوڕی گەشەی مناڵ لەگەڵ ٣ بۆ ٤ هەفتەی یەکەمی سکپڕیدا رودەدات، بۆیە زۆر گرنگە فۆلیک ئەسید سێ مانگ پێش سکپڕی یان لە سەرەتای سکپڕیەوە وەربگیرێت، بەمەبەستی کەمکردنەوەی مەترسیەکانی بونی کەموکورتی لە کۆرپەلەدا.

> بە سەلامەتترین دەرمان دادەنرێت بۆ خانمی دوگیان

* سودەکانی فۆلیک ئەسید

١. رێگری کردن لە ناتەواو دروستبونی دڕکە پەتک.
٢. رێگری کردن لە ناتەواوی دروستبونی زۆربەی بەشەکانی مێشک.
٣. هەروەها بەسودە لە رێگری کردن لە ئەگەری لەبارچونی کۆرپەلە و ناتەواوی لێو و مەلاشو.
٤. رێگری دەکات لە مناڵبونی پێشوەختە.
٥. رێگری دەکات لەوەی مناڵەکەت بە کێشی کەم لە رێژەی پێویست لەدایک بێت.
٦. رێگری دەکات لە توشبونی دایک بە نەخۆشی دڵ لە ماوەی دوگیانیدا.

# ژنان نیوەی ستافی ڕادیۆکانی گەرمیان پێکدێنن



■ **نەوژین**

**لایەنێکی گەش و بەرەوپێشەوەچونێکی دیاری ڕادیۆ لەگەرمیان ئەوەیە، کە ژمارەی ژنان لەم بوارەدا زۆر پێشکەوتوە، بەشێوەیەک بەشدارییان (٥٠٪)ی دەزگاکانی تێپەڕاندوە. ئەمە ئەو دەرەنجامەیە کە ڕاپۆرتێکی یەکەی ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ لە ڕادیۆی دەنگ، پێی گەیشتوە.**

یەکەکە لـە سـەروبەندی ڕۆژی جیهانی ڕادیـۆ دا کـە ڕێکەوتـی ١٣ی شـوباتی هەمو سـاڵێکە، گفتوگۆیەکی کراوەی بۆ نوێنەری سـێ لـە ڕادیـۆ ناوخۆییەکانی گەرمیـان ئەنجامداوە، بـۆ تاوتوێکردنی ئاسـتەنگەکانی بـەردەم کاری ڕادیۆیـی لەگەرمیـان و دەستنیشـانکردنی ئـەو بەرەوپێشەوەچونانەیشی کە ڕویانداوە. لـە گفتوگۆکەدا کە دواتـر ناوەڕۆکەکەی کـراوە بـە ڕاپۆرتێکـی ئامادەکـراو و ئاراسـتەی لایەنە جیـاوازەکان دەکرێت، هەریەکـە لە: عادل حسـێن: بەڕێوبەری دەنگی یەکگرتو/ڕادیۆی گەرمیان (سەر بە یەکگرتوی ئیسلامی)، بەرهەم شەهاب: بەڕێوبەری ڕادیۆی کازیوە (ڕادیۆی لقی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردسـتان) و زریان محمەد: ئەندامی دەستە ڕادیۆی دەنگ (ئەهلی)، بەشدار بون.

بەشـداران بەتێروتەسـەلی لەسـەر کێشـەکانی ڕادیۆ لەگەرمیان وەستاون، ئەم خاڵانەشیان وەکو دیارترین کێشەکان دەستنیشان کردوە:

**ا. مامەڵەنەکردن بە یاسای ڕۆژنامەگەری لە دادگاکان لە گەڵ ڕۆژنامەنوسان**

لە ماوەکانی ڕابردودا چەندین ڕۆژنامەنوس لەسـەر کاری میدیایی بە یاسـایی دیکە مامەڵەیـان لە گەڵدا کراوە لە دادگاکان، تازەترینیـان ڕاگرتنی بەڕێوبەری ڕادیۆی دەنگ بو کە بە پێی یاسـایی سـزادانی عێراقـی ڕاگیرا، لە کاتێکدا دۆسـیەکەی پەیوەندیدار بو بە بابەتێکی هەواڵییەوە.

**ب. پێنەدانی زانیاری**

هەرچەنـدە لـە هەرێمـی کوردسـتاندا یاسـای مافـی بەدەسـتهێنانی زانیاریی لەلایەن پەرلەمانەوە لە سـاڵی ٢٠١٣ەوە دەرچوە و تیایـدا مافی پێدانی زانیاریی بەڕۆژنامەنووسان دەستەبەرکراوە، بەڵام بەڕێوبەرانی ڕادیۆکانی گەرمیان نیگەرانن لە پێنەدانی زانیاری لە لایەن دەزگاکانی حکومەتەوە لە ژێر ناوی جیاجیا.

**ت. ئاستەنگی دارایی**

ئاسـتەنگی دارایـی بـۆ دەزگاکانـی ڕاگەیانـدن بەگشـتی لـە گەرمیـان تاڕادەیـەک چون یەکن، بەڵام بۆ میدیای ئـازاد ئاسـتەنگەکان چەنـد بەرامبـەر دەبنەوە.

**ڕۆڵی ژنان لە ڕادیۆکان دا**

لـە بەشـێکی تـری گفتوگۆکـەدا، تیشکخراوەتەسـەر ڕۆڵـی ژنان لە دەزگا ڕادیۆییەکانـدا، تیایدا هاتـوە: «یەکێک لەو جیاوازیانـەی لە ڕادیۆکانی گەرمیان دەبینرێت لە ئێسـتادا شـکاندنی ڕێژەی بەشـداری کچـان و ژنانە، لـە کۆی ئەو سـێ دەزگایـەی ڕادیـۆ کـە بەشـداری مێزگردەکەبـون ڕێـژەی ٥٠٪ بـەرەو سەرەوە کچان و ژنان تیدا بەشدارن».

ڕونیکردوەتـەوە: ڕادیـۆی دەنگ ڕێژەی نیوەی کارمەندەکانی لە ڕەگەزی مێیەوە لەگەڵ ئەوەشـدا ڕۆژنامەی (نەوژین) کە پڕۆژەیەکی ڕادیۆکەیە ستافێکی لە کچان و ژنان بەڕێوەی دەبەن. ئەمە بۆ ڕادیۆی دەنگـی یەکگرتـوش هەر ڕاسـتە، عادل حسـێن وتی: «کچـان و ژنان پایەیەکی بەهێـزی دەزگاکەمانـن بەشـیوەیەکی کـۆی نیـوەی کارمەندەکانـی دەزگاکـە پێکدەهێنن کە ٧ ئافرەتن. بەهەمانشێوە لـە ڕادیۆی کازیوە، سـتافێکی کچ و ژن دەورێکی کاریگەریان هەیە لە ڕادیۆکە.

یەکـەی ڕۆژنامەوانـی مافەکانی مرۆڤ، یەکێکـە لـە پڕۆژەکانی ڕادیـۆی دەنگ لـە گەرمیان، کە گرنگیی بە پرسـەکانی مافـی مـرۆڤ دەدات لـە میدیـا دا و هـاوکات بەشـێکی کارەکانیشـی بریتیە لـە ئەنجامدانـی وۆرکشـۆپ و خـول و گفتوگۆ بۆ پەرەدان بەکاری ڕۆژنامەوانی پیشەیی و هەروەها ئامادەکردنی ڕاپۆرت و ئەنجامدانی ڕاپرسـی بۆ خسـتنەڕوی کێشـەجیاوازەکانی پەیوەسـت بە مافی مرۆڤ و ئازادییەکان لە سنوری گەرمیان.

> کچان و ژنان پایەیەکی بەهێزی دەزگاکەمانن

# بۆچی ژنان کەمتر توشی کۆرۆنا دەبن؟



■ **نەوژین**

**لێکۆڵینەوەیەکی ناوەندێکی زانستی دەریدەخات ژنان کەمتر لە پیاوان ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ کاریان تێدەکات و ڕێژەی مردنیش بەهۆی ئەم ڤایرۆسەوە لەلای ژنان کەمترە وەک لە پیاوان.**

لە لێکۆڵینەوەکەدا کە ناوەندی چینی بۆ بەرەنگاربونەوەی نەخۆشیەکان ئامادەی کـردوە، دەریخسـتوە ژمـارەی مردوانی ڤایرۆسـی کۆرۆنـای نوێ لـەلای پیاوان ٢,٨٪ـە، بەڵام لای ژنان ١,٧٪ـە. توێژەران ئاماژە بەوەدەکەن کە بەرگریی جەسـتەی ژنـان لەبەرامبـەر کۆرۆنـا سەرکەوتو ترە وەک هی پیاوان.

لێکۆڵینەوەکـە کە پشـتی بەسـتوە بە شـیتەڵکردنی داتـای نەخۆشـیەکانی کۆرۆنـای نـوێ لە شـاری وهانی چینی کە جەرگەی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکەیە، ئاماژەی بەوەکردوە پیاوانی پێگەیشتو و بەتەمەن، زیاتر مەترسـی ڤایرۆسەکەیان لەسەر بەدیار دەکەوێت.

بەپێـی لێکۆڵینەوەکـە، دو جۆری تری ڤایرۆسی کۆرۆنا کە پێشتر دۆزراونەتەوە، ئەوانیـش ڕێـژەی پیاوان زیاتـر لە ژنان بەهۆیانەوە گیانیان لەدەستداوە.

داتاکانی پەتای ئەنفلۆنزای ساڵی ١٩١٨، ئەوە پشتڕاسـت دەکەنـەوە کە ژمارەی گیان لەدەستدانی پیاوان زیاتر بوە.

توێـژەران پێیانوایـە چەندیـن هۆکاری بایەلـۆژی و ڕەفتاریی هـەن کە ڕۆڵیان هەیە لە کاریگەربونی هەریەکە لە پیاوان و ژنان بەم ڤایرۆسانە.

سـەبرا کلاین، توێژەر لـە زانکۆی جۆنز هۆپکنـز بلومبێـرگ بـۆ تەندروسـتی گشـتی، باس لـەوەدەکات بەرگری ژنان بۆ ڤایرۆسەکان باشترە وەک لە پیاوان.

هـاوکات (جانین کلایتـۆن)، بەڕێوبەری نوسـینگەی توێژینـەوەی تەندروسـتی ژنـان، باس لەوەدەکات شـتێک هەیە لە سیسـتەمی بەرگـری ژنـان دا وادەکات باشـتر بن لـە پیـاوان و وەڵامدانەوەیان بەهێزتر بێت.

دەشـڵێت: ئـەم بەهێزیەی سیسـتەمی بەرگـری هەمـو کات باش نیـە، چونکە لێکەوتـەی تـری دەبێت، بەشـێوەیەک هێرشدەکاتە سەر شانەکان و هەوکردنی جومگـە و جـۆری تـری نەخۆشـی لێدەکەوێتەوە.

هـەروەک توێـژەران باسـیان لـەوەش کـردوە کە بونی هۆرمۆنی ئەسـترۆجین لـەلای ژنـان وایکردوە بەرگریـان بەهێز بکات، ئەمە جگە لـەوەی ژنان هەڵگری کرۆمۆسـۆمی (X)ن، کـە هەڵگـری جیناتی پەیوەستە بە بەرگریەوە.

جگـە لە هۆکارە بایەلۆژیـەکان، هۆکارە ڕەفتارییەکانیـش ڕۆڵیـان هەیـە لەوەی ژنان کەمتر توشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بن.

توێـژەران هێمایـان بەوەکـردوە کـە گەورەتریـن ڕێـژەی جگەرەکێشـەکانی جیهـان لە چینە، بەشـێوەیەک نزیکەی نیوەی پیاوانی ئەو وڵاتە جگەرەکێشـن، بـەڵام تەنهـا ٢٪ی ژنانـی چیـن جگەرەدەکێشن.

هەروەک پیاوانی ئەو وڵاتە زیاتر لە ژنان، نەخۆشیەکانی شـەکرە و فشاری خوێن تیایاندا بونی هەیە، ئەم نەخۆشـیانەش ئەگەری توشبون بە کۆرۆنا زیاد دەکات.

هـەروەک لـەڕوی خۆپارێزیشـەوە، لێکۆڵینەوەکـە هێمـای بەوەکـردوە کە پیاوان تەنانـەت ئەوانەشـی کەلەبواری تەندروستی دا کاردەکەن، کەمتر گرنگیی بە دەستشـۆردن و بەکارهێنانی سـابون دەدەن بە بەراورد بە ژنان.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی نیۆرک تایمز

## دەربارەی نەوژین

نەوژیـن، ڕۆژنامەیەکـی سـەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایـەن ڕادیـۆی دەنـگ لـە گەرمیـان بڵاودەکرێتەوە.

یەکەم ژمارەی لە کانونی یەکەمی ٢٠١٦ دا دەرچوە.

ڕادیـۆی دەنـگ، پڕۆژەیەکـی میدیایـی سـەربەخۆیە لـە ناوچـەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)ەوە بـە پەخشـی ڕادیۆیەکـی لۆکاڵـی دەسـتی پێکـردوەو پاشـان وێبسایتێکی داناوە.

ڕۆژنامـەی (نەوژیـن) یەکێکـە لـە چالاکیەکانـی پـڕۆژەی ڕادیـۆی دەنـگ بـە پاڵپشـتی سـندوقی نیشـتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.

ڕۆژنامەنوسانی ئەم ڕۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولی ڕاهێنانیان لەلایەن ڕادیـۆی دەنگـەوە بـۆ ئەنجامـدراوەو زۆرینەیان پێشـتر کاری ڕۆژنامەوانییان نەکردوە.

بۆ پەیوەندیکردن بە ڕۆژنامەکەوە
تەلەفۆن:
٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com
فەیسبوک:
nawzhinnewspaper
دەتوانن لەماڵپەڕی ڕادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە ببینن
www.radiodang.org

### ڕاهێنەری تیپی کچانی یانەی شێروانە:

# کەس دەستخۆشیی سەرکەوتنەکانی لێنەکردین



■ نەوژین، زریان محەمەد

**ڕاهێنەری تیپی گۆڕەپان و مەیدانی کچانی یانەی وەرزشی شێروانە، باس لەوەدەکات ئاستی تیپەکەیان لەدواین پاڵەوانێتی وەرزشی دا زۆر باش بوە و پلەی بەرزیان بەدەستهێناوە، ڕەخنەش لە ڕێکخراو و سەنتەرەکان دەگرێت بەوەی پاڵپشتیان نین و بەدەمیانەوە نایەن.**

تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی وەرزشی شێروانە لە گەرمیان، لە پاڵەوانیەتی گۆڕەپان و مەیدانی یانەکانی کوردستان بەشدارییکرد و توانی پلەی دوەم بەدەست بێنێت.

بەم بۆنەیەوە (نەوژین) دیدارێکی لەگەڵ ڕاهێنەری تیپەکە (م. بەهار ڕەحیم) سازداوە لەبارەی چۆنیەتی بەشداریکردنیان و ئاستی تیپەکە بەگشتی و داواکاری و ڕەخنە و تێبینیەکانیان.

* چۆن بو بەشداریتان کرد لەم پاڵەوانیەتیەی کوردستان؟

پێشتر ئاگادار کراینەوە کە لە مانگی یانزەی ٢٠١٩ پاڵەوانێتی گۆڕەپان و مەیدانی کورستان ئەنجام دەدرێت، ئێمەش بەشداریمان کرد، مانگێک پێش دەستپێکردنی، ئامادەکاریمان دەست پێکرد، بە خۆشحاڵیەوە توانیمان پلەی دوەم بە دەست بهێنین.

* چەند کچ لە کەلارەوە بەشدار بون لەو پاڵەوانیەتیەدا؟

١٣ کچ بەشداربون لەم پاڵەوانیەتیەدا.

* یاریەکان چۆن بون، تەنها گۆڕەپان و مەیدان بو یان چ یارییەکی تری تێدا ئەنجام درا؟

یارییەکان جیاواز بون و لە چوارچێوەی یاریەکانی گۆڕەپان و مەیدان دا بون، بەگشتی ٢٠ جۆر یاری لەخۆگرتبو، بە جۆرێک یاری (١٠٠ مەتری و ٢٠٠ مەتری و ٤٠٠ مەتری)، لەگەڵ یارییەکانی (پۆستە و قورسایی و یەک بازی و ڕاکردنی ماوە کورت و ماوە درێژ)یشی تیابو.

* بەکۆی گشتی کچانی یانەی شێروانە توانیان چەند خاڵ بەدەست بهێنن؟

ئەوەی مایەی خۆشحاڵی بو ئەوە بو کە بۆ یەکەمجارە لە دوای حەوت ساڵ کە پێشتر پلەی سێیەمم بۆیان بەدەستهێنا، دوبارە توانیمان پلەی دوەم بە دەستبهێنین لە کۆی دوانزە یانە، کۆی خاڵەکانیشمان ١٠٠ خاڵ بو، جیاوازیمان تەنها ٢٥ خاڵ بو لەگەڵ ئەو یانەیەی کە پلەی یەکەمی بەدەست هێنا کە ئەویش یانەی پێشمەرگە بو.

* بۆچی لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردو هیچ چالاکیەکتان نەبوە؟

هیچ چالاکیەکمان نەبو لە ماوەی ئەو ساڵانەدا، چونکە پاڵەوانێتی گۆڕەپان و مەیدان وەستابو لەلایەن یەکێتی گۆڕەپان و مەیدانەوە، لە دوای ئەو حەوت ساڵەش ئەمە یەکەمجارە کە چالاکیمان هەبێت.

* ئایە شوێنی گونجاو هەبو بۆ مەشق و ڕاهێنانی وەرزشوانان؟

بەڵێ، شوێنی گونجاومان هەبو و سوپاسی یانەی شیروانەش دەکەین کە توانیمان گۆڕەپانەکەیان بەکاربهێنین، لەگەڵ ئەوەش ئامادەکاری پێویستیان بۆ کردین و پێداویستیەکانیان بۆ فەراهەم کردین، ئەمەش وایکرد بەردەوامبین لە مەشق کردن.

* هیچ پاڵەوانیەتیەکی تر هەیە بەمنزیکانە بەشداربن وەک تیپی گۆڕەپان و مەیدانی کچانی یانەی شێروانە؟

تاوەکو ئێستا هیچ پاڵەوانیەتیەک نیە، ئەگەر هەبێت بە دڵنیایەوە بەشداری دەکەین.

* ژمارەی بەشداربوانتان وەک یاریزانانی کچ جێگیرە یان کچی دیکەش دەتوانێت بێتە تیپەکەتانەوە؟

لە ئێستادا هەر ئەم ١٣ کچە یاریزانەمان هەیە کە ئەمان وەک ئاستی تازەپێگەشتوان بەشدارییان کرد، واتا ئاستی ٢٠٠٢ بە سەرەوە، ئاستی خوار تریشمان هەیە.

* بەگشتی ئاستی بەشدارییکردنتان چۆن بو؟

ئاستی بەشداریکردنمان زۆر باش بو و زۆربەی یاریزانە کچەکانمان پلەی دوەمیان بەدەستهێنا سەرەڕای کەمی تەمەنیان کە هەندێکیان یەکەمجاربو بەشداری پاڵەوانێتیەکی لەو شێوەیە بکەن.

* ڕێژەی یاریزانە کچەکان رویان لە زیادبون کردوە؟

بەڵێ، ڕێژەکە زیاد بوە، سەرەتا ١٠ یاریزان بون ئێستا بون بە ١٢ یاریزان.

* دەکرێت چی بکرێت بۆ زیاتربونی ڕێژەی کچانی وەرزشکار لە تیپەکەتان؟

دەکرێت هاوکاری مادی بکرێن بۆ ئەوەی بەردەوام بن و ئاستیان باشتر ببێت.

> زۆربەی یاریزانە کچەکانمان پلەی باشیان بەدەستهێنا

> هیچ سەنتەر و ڕێکخراوێک نابینم لە کەلار کە هاوکاربن

* بەگشتی کچان لە چ یارییەک دا ئاستیان باشترە؟

یاریزانە کچەکانی یانەی شێروانە لە هەمو یارییەکان ئاست و توانایان زۆر باش بو بەتاییەت لە ڕاکردن و ڕاکردنی ماوەدرێژ و هەڵدانەکاندا.

* ڕۆڵی سەنتەر و ڕێکخراوەکان چییە لە هاوکارییکردنتان؟

سەنتەری چی و ڕێکخراوی چی؟! من هیچ سەنتەر و ڕێکخراوێک نابینم لە کەلار کە هاوکاربن و ڕۆڵیان هەبێت، تەنانەت کە پلەی دوەممان هێنا هیچ سەنتەر و ڕێکخراوێک دەستخۆشی لێنەکردوین یان خەڵاتێکیان وەک هاندان پێشکەش بەو کچانە نەکردوە، ئیتر نازانم بونیان چ سودێکی هەیە لەم شارەدا! ئایە ئەم کچانە خەڵکی ئەم شارە نین؟!



